خالید موراد چەتۆییڤ

# مێـژووی پێوەندییـەکانی ڕووسیا و کـــورد

## (لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامە)

وەرگێڕانی بۆ کوردی،

تێبینی و پەراوێز بۆ نووسینی

**د. نەجاتی عەبـدوڵڵا**

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٧

٣٢٧,٠٩١٧١٧٥٦٦٧
چ ٩٣٣ چەتۆیێڤ، خالید موراد
مێژووی پێوەندییەکانی رووسیاو کورد/ وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵلا. –
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٦.
١٣٩ل: بەڵگەنامە، ١٤,٥ × ٢١ سم.
١–رووسیا–پێوەندیی نێودەوڵەتی ٢–پێوەندیی نێودەوڵەتی–
رووسیا– کورد ئـ–ناونیشان ب– نەجاتی عەبدوڵلا (وەرگێڕ) ج–
زنجیرە (٥٤)
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتایی پۆلێن و پێڕستی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

**زنجیرە: ٥٤**
**کتێب: مێژووی پێوەندییەکانی رووسیاو کورد (لێکۆڵینەوەو بەڵگەنامە)**
**نووسەر: خالید موراد چەتۆیێڤ**
**وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵلا**
**بابەت: بەڵگەنامە و مێژوو**
**تایپ و هەڵەچنی و مۆنتاژ: وەرگێڕ**
**بەرگسازی: قادر میرخان**
**خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید**
**تیراژ: ١٠٠٠**
**ژمارەی سپاردن:١٠٣٧ی ساڵی ٢٠٠٦**
**شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان**

لە بڵاوکراوەکانی
**بنکەی ژین**
**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانیی کوردی**
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، سەرچنار، گەڕەکی ١١٩، شەقامی ٧٥، سەگرمە، خانووی ٧٣
نۆرمال: ٣١٨٣٦٣١ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
سنووقی پۆست: ١٤ E. Mail: bnkaizhin@yahoo.com

**بەری ماندووبوون**

**و ڕەنجی ئەم**

**وەرگێڕانەم**

**لەبـریی**

**پەیکەرێك لە گوڵ بۆ**

**یادی پیرۆزی یەزدان شێر،**

**عەبدولڕەزاق بەدرخان و**

**کامیل بەدرخان بەگ**

**دیاری و پێشکەشـــە**

**نەجاتی عەبدوڵلا**

# پێشەکــــی وەرگێڕ

ماوەی دووری ئاسمانیی نێوان پاریس- تاران بە فڕۆکە نزیکەی پێنج کاتژمێر و بیست دەقیقەیەك دەبیٚ، ئەم ماوەیە بۆ کەسێکی وەك من نیگەران لە سواربوونی فڕۆکە کە ئەگەر زۆر ناچار نەبم هەرگیز حەزناکەم بە فڕۆکە سەفەر بکەم، ساتەوەختێکی زۆرە و گەلێك لە کاتی ڕاستی خۆی زیاتر درێژتر دەبێتەوە. هاوینی ساڵی ٢٠٠٥، وەختایەك قەرار وابوو لە پاریسەوە بە ماڵ و منداڵ بە ڕێگەی تاران دا بگەڕێینەوە: بیری ئەوەم بۆ هات باشە بۆچی ئەم هەموو کاتە زۆرە ئێسکقوورسەی ناو فڕۆکە نەقۆزمەوە و شتێکی تێدا نەکەمە کوردی و کەمێکیش خۆم لەم مێردەزمەی کاتی ناو فڕۆکەکە ڕزگاربکەم. وا ڕێکەوت هەڵبژاردنی بابەتەکەم ئەم نامیلکەیەی بەردەستتان بوو کە بەشێکی زۆری لەناو فرۆکە کرایە کوردی و دواتر بە نیاز بووم لە کوردستان کاری لەسەر بکەم و بەشەکەی دیکەشی تەواوی بکەم، کەچی داخەکەم گەرمای تاقەت پڕوکێنی تەمموزی کوردستان و سەفەر نەیانهێشت کارەکە تەواو بکەم. ناچار وەرگێڕانەکە بە ناتەواوی هەر وەك خۆی مایەوە و لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە پاریس. وا ڕێکەوت لە دوای گەڕانەوەم لێرەش تا کۆتاییەکەی ئەمساڵ دەرفەتێکی وام بۆ هەڵنەکەوت تا بە وەرگێڕانەکەدا بچمەوە و کارەکە تەواو بکەم.

خوێنەری خۆشەویست،

ئـەم کتێبـە بریتییـە لـە دوو بـەش، بەشـی یەکـەمیان بریتییـە لـە لێکۆڵینەوەیـەکی زانستیی خالیـدی مـوراد چـەتۆیێڤ* کـە دەکـرێ چ وەك بەشـدارییێك لـە مێـژووی سـەدەی نۆزدەهـەمی کـورد و چ وەك سەرەتاییێك بۆ مێژووی کورد لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەماشا بکـرێ. ڕاسـتییەکەی ئـەم وتـارە بـۆ خـۆی کۆمـەڵێك مـەتریال و کەرەسـتەی یـەکجار گرینگـی تێدایـە کـە دەکـرێ بـۆ مێژوونووسـیی کوردی یەکجار بەسوود بن. ئەم وتارە بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٨٥ لە ژمارە سێزدەی گۆوار یان کتێبی "وڵاتان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست" ی ئەکادیمیای ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەنی لە یەریڤان بە ڕووسی بڵاوکرایەوە و تەواوی ئەم ژمارەیە تایبەتە بە مێژووی

* خالید مورادۆڤیچ چەتۆیێڤ ساڵی ١٩١٣ لە دێ ی ئاسانجۆ لە ویلایەتی قارس لە تورکیا لە بنەماڵەیەکی کوردی وەرزێردا هاتۆتە دونیاوە. ساڵی ١٩٥٠ کۆلیژی بەشی مێژوو لە زانکۆی یەریڤان تەواو دەکات و ساڵی ١٩٥٤ بڕوانامەی دکتۆرا لە مێژوو وەردەگرێ. لە ساڵی ١٩٦١-ەوە سەرۆکی بەشی کوردی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەنستان بووە. نزیکەی ١٠ باسی ئەکادیمیی نووسیووە:

١- بەشداری کوردی یەکێتی سۆڤیەت لە جەنگی مەزنی نیشتمانیدا ١٩٤١-١٩٤٥، یەریڤان، ١٩٧٠.

٢- کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەت. لە گۆواری ( ئاسیا و ئەفریقای ئەمڕۆ) مۆسکۆ، ١٩٦٢، ژمارە ١١، لا: ٢٦-٢٧.

٣- شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کوردی یەکێتی سۆڤیەت، لە کتێبی (وڵاتان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست)، زنجیرەی حەوتەم، کوردناسی، لا: ١٥-٢٦. بۆ ئەم چەند دێرە بڕوانە: د. جەبار قادر، *چەند بابەتێکی مێژووی کورد*، سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، لا: ١٣٥.

کورد. خوا کاری بەڕێز د. ئیسماعیل حەصاف ڕاستبکات ساڵی ١٩٩٣ لە بەیرووت ئەم باسەی لەگەڵ دوو باسی دیکە کە لە هەمان ژمارە وەرگێراون، لە ڕووسییەوە کردوونی بە عەرەبی و بڵاویکردونەتەوە*. من یەکەمجار لە ڕووی وەرگێڕانەکەی دکتۆر حەصاف ئەم باسەم کردە کوردی و دوایی هەستم بە بڕێك کەلێن و کەلەبەر کرد لە گوتارە وەرگێڕاوەکە و هاتم بەو شرە ڕووسییەی خۆم سەرلەبەری گوتارەکەم لەگەڵ دەقە ڕووسییەکە بە بەراورد گرتن و لە هەرکوێیەك کەلەبەرێك لە وەرگێڕاوەکەی حەصافدا هەبوو لە ڕووی دەقە ڕووسییەکەوە ڕاستمکردەوە بۆیە ئێستە کەسێك ئەم دەقە کوردیە و وەرگێڕاوەکەی حەصاف بەراورد بکات هەست بە جیاوازی زۆر دەکات. بەداخەوە حەصاف لە بڕێك جێگەدا سەرچیخ چووبوو و لە یەك دوو جێگەشدا چەند دێر و پەرەگرافی کورت پەڕیون و جگە لەوەش پەراوێز و پەرەگرافەکان و ناوی بڕێك لە شوێن و کەسەکان بڕێکیان شێواون و پەراوێزەکان کورتکراونەتەوە هیچیان لە جێگەی خۆیاندا نین، ئێمە ناچاربووین هەموویان لە ڕووی دەقە ڕووسییەکە ڕاستبکەینەوە و لە هەر جێگەیەکیشدا جیاوازییەك لەگەڵ دەقە ڕووسییەکە هەبووبێ ڕاستکراونەتەوە، بۆیە دەبێ بگوترێ کە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بە هەقیقەت لە عەرەبی و ڕووسییەوە کراوە بە کوردی**.

---

* بڕوانە: *ابحاث علمية كردية*، ترجمة د. اسماعيل حصاف، بيروت، ١٩٩٣، ص: ٩-٦٠.

** سوپاسی برای زۆر خۆشەویستم د. ئەنوەر قادر محەمەد دەکەم کە بە سوپاسەوە کۆپی وتارە ڕووسییەکەی بۆ هەناردم و دواتریش دۆستی خۆشەویستم د. عەبدوڵڵا مەردۆخ ژمارەی گۆڤارەکەی بە ڕووسی خستە بەردەستم بۆیە لەدڵەوە سوپاسگوزاریانم.

ڕەنگـە بـەدەر لـەوەی کـە ئـەم باسـە لێکۆڵینەوەیـەکی بـەپێزە و تـەرخانی مێـژووی سـەدەی نۆزدەهـەمی کـورد کـراوە، مەبەسـتێکی دیکەی ئەم وەرگێڕانە ئەوەش بێ دەبێ لەو ڕاستییە سادەیە بگەین کە نـابێ کـورد لـە پێوەندییەکانیـدا هـەر تـەنها بـەدوای "ئـەمریکا" بکەوێ و دەبێ بە دوای پێوەندی دیکەشدا بگەڕێ کە ڕەنگـە ڕووسیا یەکێك لەو دەوڵەتانە بێ کە بەڕاستی بۆ کورد گرینگیـەکی تایبـەتی هـەبێ. بۆیـە دەکرێ ئـەم کتێبـە وەك بەرچاو ڕوونییـەك بـۆ دووبـارە هەڵچنینەوەی پێوەنـدییێکی دۆسـتانەی گـەرم لەگـەڵ ڕووسیا تەماشا بکرێ.

هەرچـی دووەم بەشـی ئـەم کتێبەیـە بریتییـە لـە چـەپکێك بەڵگەنامـەی بڵاونـەکراوەی فرانـسی لـە بـارەی پێوەندییـەکانی ڕووسـی-کوردی کـە هـەموویان بـۆ یەکـەمجار لێـرەدا بڵاودەبنـەوە و ڕاسـتەوخۆ لـە ئەرشـیڤخانەکانی وەزارەتـی دەرەوە و وەزارەتـی جـەنگیی فرانسی وەرگیراون. ئـەم بەڵگەنامانـە هـەم تەواوکـەری ئـەو پرۆژە بەڵگەنامەکارییە کە چەندین ساڵە کاری لەسەر دەکـەین و هـەم تەواو کەری بەشی یەکەمی ئەم کتێبەشە کە دەشێ ڕوناکیـەکی زۆر بخەنـە سـەر حەشـارگە زۆر و زەوەنـدەکانی مێـژووی نەنووسـراوی ئێمە.

نەجاتی عەبدوڵڵا

پاریس، ٩ی نۆڤامبەری ٢٠٠٦

# یەکەم بەش


خالید موراد چەتۆیێف

# لە مێژووی

# پێوەندییە ڕووسییە-کوردییەکان

گۆواری
"وڵاتان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست"

بەرگی سێزدە
یەریڤان- ١٩٨٥


АКАДЕМИЯ НАУК АРМЯНСКОЙ ССР
ИНСТИТУТ ВОСТОКОВЕДЕНИЯ

СТРАНЫ и НАРОДЫ
БЛИЖНЕГО
и
СРЕДНЕГО
ВОСТОКА

XIII

КУРДОВЕДЕНИЕ

ИЗДАТЕЛЬСТВО АН АРМЯНСКОЙ ССР
ЕРЕВАН 1985

بەرگی ناوەوەی گۆواری "وڵاتان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست"

Х. М. ЧАТОЕВ

## ИЗ ИСТОРИИ РУССКО-КУРДСКИХ СВЯЗЕЙ

Русско-курдские связи зародились в начале XIX в., в период присоединения Закавказья (Грузии, Северного Азербайджана и Восточной Армении) к России. Несмотря на завоевательный характер политики царизма, роль России в становлении исторических судеб народов этих стран носила прогрессивный характер.

Еще в середине прошлого века Ф. Энгельс писал, что «Россия действительно играет прогрессивную роль по отношению к Востоку»[1].

Касаясь непосредственно русско-курдских связей следует подчеркнуть, что эти связи большей частью носили характер боевого содружества в борьбе против шахского Ирана и султанской Турции. К сближению с русским народом курдов побуждало также их бесправное положение под гнетом Турции и Ирана, равно как и тот факт, что Россия по своему экономическому и культурному развитию стояла несравненно выше Турции и Ирана. В дальнейшем, в период русско-иранских и русско-турецких войн, представители народов Закавказья—армяне, азербайджанцы, грузины и часть курдов, сражались на стороне русской армии против турецких и персидских войск, и в ходе совместных боевых действий против общего врага происходило сближение между этими народами, росло их доверие к русскому народу. Неслучайно в связи с этим замечание академика В. А. Гордлевского о том, что «... в течение всего XIX века в Курдистане происходил ряд волнений, совпадающих часто с войнами между Россией и Турцией. Курды как будто чувствовали, что решение их судьбы так или иначе связано с событиями на севере, и в борьбе с султанской властью охотно шли на сближение с русскими»[2].

Хотя локальные выступления курдов не оказывали существенного влияния на общий ход военных действий, однако они свидетельствовали об усиливавшихся оппозиционных настроениях против шахского Ирана и султанской Турции. Несмотря на то, что освободительные устремления курдов объективно совпадали с военно-политическими интересами России в регионе, тем

68

**فاكسميلی لاپەڕەی یەكەمی لێكۆڵینەوەكە بە زمانی ڕووسی**

خالید موراد چەتۆییێف

# لە مێژووی
# پێوەندییە ڕووسییە-کوردییەکان

دەستپێکی پێوەندییە ڕووسیە-کوردییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایەکانی سەدەی نۆزدەهەم، ئەو دەمانەی دەوڵەتەکانی ئەو دیو قەفقاز (جۆرجیا، باکووری ئازەربایجان و ڕۆژهەڵاتی ئەرمێنیا) بە ڕوسیاوە لکێنران. سەرەڕای سروشتی داگیرکارانەی سیاسەتی تساریسم، کەچی ڕۆڵی ڕووسیا لە بونیاتنانی چارەنووسی مێژوویی گەلانی ناو ئەم دەوڵەتانە شێوازێکی پێشکەوتنخوازی بەخۆیەوە هەڵگرتبوو.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، فردریک ئەنگلس دەنووسێ: "ڕووسیا لە بەرامبەر ڕۆژهەڵاتدا هەر بەڕاستی ڕۆڵێکی پێشکەوتنخوازانە دەگێڕێ"[1].

---

[1] کارل مارکس و فریدریک ئەنگلس، *دانراوەکان*، چاپی دووەم، بەرگی ٢٧، لا: ٢٤١ (چاپی ڕووسی).

لــه كــاتی باســكردنی پێوەندییــه ڕووســییه-كوردییــەكان بــه شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ، وا پێویست دەكات ئاماژە بەوە بكرێ كە ئەم پێوەندییانە بە شێوەیەكی تایبەتی، زیاتر شێوازێكی ئالیكاری سەربازیان پێوە دیارە لە خەبات دژ بە (شا) یەكانی ئێران و سولتانەكانی تورك. پاڵنەری نزیكبوونەوەی كورد لە گەلی ڕووس بە هۆی بێ بەشبوونیان بوو لە مافە نەتەواتییەكانیان و چەوساندنەوەیان لە لایەن هەردوو دەسەڵاتی توركی و ئێرانی، جگە لەمەش ڕووسیا لە ڕووی ئابووری و كولتوورییەوە لە توركیا و ئێران پێشكەوتووتر بوو. پاشان، لە ماوەی جەنگەكانی ڕووسی-ئێرانی و ڕووسی-توركی، نوێنەری گەلانی ئەودیو قەفقاز (ئەرمەن، ئازەری، جۆرجیەكان و بەشێك لە كوردەكان) لە پاڵ سوپای ڕووسیا دژ بە هێزەكانی توركیا و ئێران جەنگاون و لە ماوەی ڕەوتی ئۆپیراسیۆنە جەنگییە هاوبەشەكانیش دژ بە دوژمنی هاوبەش، ئەم گەلانە زێتر لە یەكتر نزیك بوونەتەوە و متمانەیان بە گەلی ڕووس زیاتر بووە. تێبینییەكانی ئەكادیمی ڤ. ئا. گەردلێڤسكی لەمبارەیەوە هەروا لە خۆیەوە نەهاتووە كە نووسیوویە: (( ... *بە درێژەی سەدەی نۆزدەهەم كۆمەڵێك پشێوی لە كوردستان ڕوویاندا كە زۆربەیان هاوكات بوون لەگەڵ جەنگەكانی ڕووسی-توركی، وەك ئەوەی كورد دركی بەوە كردبێت كە دواڕۆژیان بەمشێوەیە یان بەشێوەیەكی دیكە دەوەستێتە سەر ڕووداوەكانی باكوور لە لایەك و لەسەر خەبات دژ بە سولتان لە لایەكی دیكەوە، كە ئەمەش پاڵی پێوەدەنان خۆیان لە ڕووسیا نزیك بكەنەوە*))[٢].

---

[٢] ڤ. ئا. گەردلێڤسكی، *دانراوە هەڵبژاردەكان*، بەرگی سێیەم، لێنینگراد، ١٩٩٢، لا:

وێرای ئەوەی کە ڕاپەڕینە ناوخۆییەکانی کورد بە شێوەیەکی وا بەرچاو تاسیری لە ڕەوتی گشتی ئۆپێراسیۆنە عەسکەرییەکان نەدەکرد، بەڵام ئەمە نیشانەی زیادبوونی ڕۆحی بەرگری بوو لای کورد دژ بە (شا)یەکانی ئێران و سوڵتانەکانی تورکیا. گەرچی پاڵنەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد بەشێوەیەکی بابەتیانە لەگەڵ بەرژەوەندییە عەسکەرییە-سیاسییەکانی ڕووسیا لە ناوچەکە هاوجووت بوو، کەچی ئەمانە نەیانتوانی سوود لەمانە وەربگرن هەروەك پ. ی. ئەڤریانۆڤ لە کتێبە بەنرخەکەی خۆیدا کە تەرخانی ڕۆڵی کورد کراوە لە جەنگەکانی ڕووسیا لەگەڵ تورکیا و ئێران دەنووسێ: ((*لە ماوەی هەموو جەنگەکانمان لەگەڵ تورکیا بەردەوام لە شەرگەی قەفقاز لەلایەن کوردەکان پێشنیاری ئەوەمان بۆ دەهات — لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە کوردەکانمان بۆ ئەم مەبەستە هان نەدەدا— کە ئەوان ئامادەن هەڵبکوتنە سەر تورکەکان، بەڵام ئێمە هەرگیز ئەم پێشنیارانەمان بە شێوەیێکی پێویست وەرنەگرتن و وەکوو پێویست سوودمان لێوە نەبینین*))[٣].

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم و لەسایەی چونە پاڵی گەلانی ئەو دیو قەفقاز بۆ پاڵ ڕووسیا، پێوەندییێکی سیاسیی لە نێوان سەرکردایەتی عەسکەری ڕووسیا لە قەفقاز و برێك لە سەرکردە کوردەکان دروستبوو. دوای ئەوە پێوەندی ئالیکاری لە نێوان یەکەکانی کورد و ڕووس لە ماوەی جەنگەکانی ڕووسی-ئێرانی

---

١١٥، (چاپی ڕووسی).

[٣] پ. ی. ئەڤریانۆڤ، *بەرچاوخستنێکی ئەتنۆگرافی و سەربازیی-سیاسیی بەشی ئاسیایی ئیمپراتۆریای عوسمانی*، پەترۆگراد، ١٩١٢، ل: ١٥ (چاپی ڕووسی).

١٨٠٤-١٨١٣ و ١٨٢٦-١٨٢٨ و جەنگی ڕووسیا-تورکیا ١٨٢٨-١٨٢٩ دروستبوو، هەر لەو کاتانەش بوو کە زانا ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە لە بارەی ژیانی کوردەکانی ڕووسیا، تورکیا و ئێران. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە ف.ڤ. دیتیل، ی. ن. بێرزین و. خ. ئاپۆڤیان بکەین کە لە لێکۆڵینەوە یەکەمینیەکانیاندا دیاردییان بۆ ڕەسەنایەتی نەتەوەیی گەلی کورد و شوێنی کورد لە مێژووی گەلانی هەردوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیك دا کردووە و هەر بە تایبەتیش لەو ساڵانە بوو کە زانستی کوردناسی لە ڕووسیا لە دایکبوو.

زانا ڕۆژهەڵاتناسەکانی وەك: ب. ی. لێرخ، ئا. د. ژابا، ف. یوستی و س. ئا. بێگزارۆڤ و زۆری دیکە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستیان لە بارەی زمان و ئەدەب و مێژووی کوردەوە نووسیووە.

زانستی نووسینەوەی مێژوو لە قۆناغی پێش شۆڕشدا یارمەتیەکی زۆری وەدیارکەوتن و بڵاوکردنەوەی کەرەسەی بەڵگەنامەیی دا لەبارەی پێوەندییەکانی ڕووسی-کوردی لە ماوەی جەنگەکانی ڕووسی-ئێرانی و ڕووسی- تورکی و کەرەستەگەلێکی دەوڵەمەندی زانستی لەبارەی پێوەندییە سیاسییەکانی ڕووسی-کوردی لەو بەڵگەنامانەدا کە لێژنەی قەفقاز بۆ زانستی شوێنەوارناسی کۆیکردونەتەوە و هەروا لە کارەکانی مێژوونووسە سەربازییەکاندا بەردەستدەکەون. ن.ی. ئەڤریانۆڤ[٤]، بێزنگر[٥]، ڤ.ئا.

[٤] ن.ی. ئەڤریانۆڤ، *کورد لە شەڕەکانی ڕووسیا لەگەڵ تورکیا و ئێران لە سەدەی نۆزدەهەمدا*، تفلیس، ١٩٠٠.

**کارتسیۆف[٦]، ئا.م. کۆلیوباکین[٧]، م. لیخۆتین[٨]، ن.،ن. موراڤییێڤ[٩] و گەلێکی دیکە.**

**کۆمەڵێك مەتریالی گرانبەها لەبارەی پێوەندییە ڕووسی–کوردییەکان لە ناو کارەکانی پ.ی. لێرخ[١٠]، ڤ.ف. مینۆرسکی[١١]، ڤ. نیکیتین[١٢] و ڤ. ئا. گەردلێڤسکی[١٣] و گەلێکی دیکە دەبینرێن. هەروەها چەندین بابەتی هەمەچەشنە لە بارەی پێوەندییە ڕووسییە–کوردییەکانی ئەو سەردەمانە لە کارەکانی زانا سۆڤیتییەکان وەك: و.**

---

[٥] بێزنگر، *ڕاپۆرتێك لەبارەی کوردستان (کۆمەڵێك مەتریالی جوگرافی، تۆپۆگرافی و ستاتستیکی ئاسیا)*، پەترۆگراد، ١٩١١، بلاوکراوەی (٣٤).

[٦] ڤ. ئا. کارتسیۆف، *چەند سەرنجێك لەبارەی کورد*، تفلیس، ١٨٩٦.

[٧] ئا.م. کۆلیوباکین، *مەتریالەکانی بەرچاوخستنی سەربازیی–ستاتستیکی تورکیای ئاسیایی*، بەرگی یەکەم، بەندی یەکەم، تفلیس، ١٨٨٣، هەروەها: هێزی چەکداری ئێران لە ساڵی ١٨٨٨.

[٨] م. لیخۆتین، *ڕووس لە تورکیای ئاسیایی لە ١٨٥٤ و ١٨٥٥ لە ڕاپۆرتەکانی کاروباری جەنگی فیرقەی یەریڤان*، پەترۆگراد، ١٨٦٣.

[٩] ن. ن. موراڤییێڤ، *جەنگی ئەو دیو قەفقاز لە ساڵی ١٨٥٥*، بەرگی یەکەم، بەندی ١–٢، پەترۆگراد، ١٨٦٣.

[١٠] پ.ی. لێرخ، *لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردەکانی ئێران و خالدییەکانی باو و باپیرانی باکووریان*، کتێبی ١–٣، پەترۆگراد، ١٨٥٦–١٨٥٨.

[١١] ڤ. ف. مینۆرسکی، *کورد: تێبینی و سەرنج*، پەترۆگراد، ١٩١٥، لا: ١١٦. (نووسەر لەبارەی ئەم سەرچاوەیەوە نووسیوویە لاپەڕە ١١٦، کە گەڕاینەوە سەر چاپی ڕووسی کتیبەکەی مینۆرسکی، بینیمان ڕاستییەکەی ئەم باسە بەر بەشی حەوتەمی کتێبەکە کەوتووە (کورد لە ڕووسیا) لا: ٤١ تا ٤٣، نەك وەك ئەوەی نووسەر نووسیوویە، وەرگێڕ.

[١٢] نیکیتین، ڤ.، *کورد*، مۆسکۆ، ١٩٦٤.

[١٣] ڤ. ئا. گەردلێڤسکی، *دانراوە هەڵبژاردەکان*، بەرگی سێیەم، مۆسکۆ، ١٩٦٢.

ل. ڤیلچڤسکی، م. س.لازەرێڤ، ن. ئا. خالفین، گ. ب. کاکۆپۆڤ، جەلیلی جەلیل، خ.م. ئیبراهیم بیلی و گەلێکی دیکە نیشاندراون. ئەم زانایانە لە کارەکانیاندا ناوەڕۆکی چینایەتی سیاسەتی تسار، کە خاوەن شێوازێکی ئەمپریالیستی و کۆلۆنیالی بووە وەك باقی دەوڵەتە مەزنەکانی ململانێکار لەگەڵیدا، بە دیاردەخەن. زانستی مێژوونووسی سۆڤیەتی لە هەمان کاتدا ئاماژە بە سروشتی پێشکەوتوخوازانەی سیاسەتی داکۆکیکارانەی ڕووسیا دەدات لە بەرامبەر گەلانی ئەو ناوچەیە و سیاسەتی دەرەوەی تساریسم بە بەراورد لەگەڵ سیاسەتی مەزنە دەوڵەتەکانی دیکە لە هەردوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیك شیدەکاتەوە.

لێکۆڵینەوە زانستییەکانی زانا سۆڤیەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی بڕێك لایەنی پەرەسەندنی پێوەندییە ڕووسییە–کوردییەکان وەدیار دەخەن، بەڵام ئەو کارانەی کە ڕوانینێکی تەواو لەبارەی ئەم پێوەندیانە بەدەستەوە دەدەن، کەمن. ئێمە لەم گوتارەدا هەوڵدەدەین دەرئەنجامی سەرهەڵدان و وەدیارکەوتن و پەرەئەستاندنی پێوەندییەکانی ڕووسی–کوردی لە سەدەی نۆزدەهەم شیبکەینەوە و ڕادەی پەرەئەستاندنی بایەخپێدانی ڕووسیا بە کورد دیاری بکەین.

گەلانی ئەو دیو قەفقاز زۆربەی جار کەوتوونەتە بەر نیری داگیرکاران، بەڵام هێزی هەردوو لایەن هەرگیز هاوتا نەبووە، سەرکردە پێشڕەوەکانی گەلانی ئەرمەن، جۆرجی و ئازەری لە زووەوە هەوڵیانداوە بۆ نزیکبوونەوە و یەکیەتی لەگەڵ ڕووسیا و هیوایەکی زۆریان لەسەر دژایەتیکردنی کورد بۆ تورك هەڵچنیبوو. بۆ نموونە، ساڵی ١٧٠١ کەسایەتی ناسراوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی

ئەرمەنی، ئیسرایل ئۆری نامەیەکی میر و مەلیکە ئەرمەنییەکانی ئاڕاستەی بیوتەری یەکەم کرد لە مۆسکۆ کە داوایان دەکرد ئەرمەنستان بخرێتە سەر ڕووسیا و لە خەباتیشیاندا دژ بە چەوسێنەرە ئێرانی و تورکەکان یارمەتیان بدات. هەروەك لە نامەکەدا هاتووە: ((هاوپەیمانەکانی گەلی ئەرمەن لە خەباتی ڕزگاریخوازییدا بریتین لە جۆرجی، عەرەب، کورد و یۆنانی و هی دیکە))[١٤].

داڤید نازاریشڤیلی، نوێنەری ڕاسپاردراوی فاختانگەی شەشەمی، تساری جۆرجیا، لە یادداشتنامەی ڕۆژی ٦ ی دیسامبەری ساڵی ١٧٢٥، هاوکارەکەی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئیمپراتۆریای ڕووسی ئاگادارکردۆتەوە و تێیدا ڕوونیدەکاتەوە کە ئالیکاری هێزە هەمەچەشنەکانی وەك ئەرمەن و دانیشتوانە ئازەربایجانییەکان ( گیاندژی) و کوردەکان لە خەبات دژ بە دوژمنکاری تورك زیانێکی زۆر گەورەیان بە تورکەکان گەیاندووە [١٥].

لە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی ئەم سەردەمەدا هاتووە: لە بیستەکانی سەدەی هەژدەهەم نەك هەر تەنها گەلانی ئەرمەن و جۆرجی و ئازەری، بەڵکو گەلانی نیشتەجێی ناوچەی نێوان ئارارات و بابل،

---

[١٤] ئێزۆڤ، گ.، *پێوەندی بیوتەری مەزن لەگەڵ گەلی ئەرمەن*، پەترۆگراد، ١٨٩٩، لا: ١٥٩ ( بە زمانی ڕووسی).

[١٥] بڕوانە: ئەرشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، *پێوەندی ڕووسیا لەگەڵ ئێران*: بەڵگەنامەکان ١١٠(١)، ژمارە (١)، بەشی دووەم، لا: ٥٦٠.

(واته لە نێوان ئیچمیادزین* و بەغدا) وەکو ئاسوورییەکان و کوردە ئێزیدییەکان-یش بەشداریان لەو خەباتەدا کردووە[١٦].

نوێنەرانی گەلی کورد هەوڵیانداوە پێوەندییێکی سیاسیی لەگەڵ جۆرجیا بگرن و بۆ خەبات دژ بە ئیمپراتۆریای عوسمانی یەکێتیەك لەگەڵ ڕووسیا دروست بکەن.

ئاشکرایە ئەرمەنییەکان لە بانگەوازیاندا بۆ ئیراکیلی دووەم ئامادەیی خۆیان دەربڕیووە بۆ ئەوەی بە تەك ڕووسیا و جۆرجیا دژ بە تورکیا بجەنگن و بە هەمان شێوە ئاشووری و کوردەکانی بایەزیدیش ئەم ئامادەییان دەربڕی.

چۆبان ئۆغلی یەکێك لە سەرۆکە کوردەکانی ناوچەی بایەزید لە نامەیەکی بۆ ئیراکیلی دووەم بە مێژووی ٢٣ ی ئەیلوولی ١٧٧٠ لەسەر پێشنیارەکانی ڕازی بووە[١٧].

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، کوردەکانی دومبلی سەر بە خانی خویسك بە ئۆپیراسیۆنەکانیان ئەرکی جۆرجیایان لەبەرامبەر هێرشەکانی شای ئێران، فەتح عەلی شا، لە کاتی لەشکرکێشی هێزەکانی ئێران بۆ سەر جۆرجیا، سووك کرد. کوردەکانی دونبل، بەسەرۆکایەتی جەعفەر قولی خان، هێزەکانی خۆیان لە قەڵای ماکۆ

---

* ئیچمیادزین: کەوتۆتە ڕۆژئاوای یەریڤان. لە سەدەکانی دووەم تا شەشەم پایتەختی ئەرمەنستان بووە. بنکەی کەشیشە گەورەکانی کەنیسای ئەرمەنی لێیە. کاتێدرالەکەی پاشماوەکانی سەدەی چوارەمی پاراستووە، وەرگێر.

[١٦] بڕوانە: ئەرشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، *پێوەندی ڕووسیا لەگەڵ ئەرمێنیا، ١٧٢٧-١٧٢٨*، بەڵگەنامەی (١٠٠)، ژمارە (٣)، لاپەرە: ٣-٦ ( بەزمانی ڕووسی).

[١٧] بڕوانە: *مێژووی گەلی ئەرمەن*، یەریڤان، ١٩٥١، لا: ٢٦١ ( بەزمانی ڕووسی).

مکـوم کـرد و ڕێگـەیان لـە پێـشڕەوی ئێرانییـەکان گـرت بـەوەی بـە ئاڕاستەی جۆرجیا بڕۆن. دومبلییەکان لە خەباتی خۆیاندا پشتیان بە کۆمەگی جۆرجیا بەستبوو[18]. ساڵی ١٨٠٠، خانی خویسك، جەعفەر قولی لەگەڵ لایەنگیرەکانی– کوردەکانی دومبلی، داوای پاراستنیان لە حکومەتی ڕووسیا کرد و لەمبارەیەوە وادەیەکیان وەرگرت. دوای چـەند ماوەیـەك لـە ٢٣ ی ئـاداری ١٨٠١ ژێنێـرال–مـایۆر ی. پ. لازەرێڤ لە تفلیسەوە بۆ ژێنێراڵ کنۆرینگ دەنووسێ: جەعفەر–قولی خـان وەکالەتنامەیـەکی بـۆ یـەکێك لـە سـەرۆکە ئەرمەنییـە ڕێـز لێگرتووەکـانی ئێـرە، کـازارۆف نووسـیووە داوای لێکـردووە لـە لای خاوەنشکۆ ئیمپراتۆر دەخالەت بکا تا وەڵاتنامەی (جنسیە) ڕووسی پێببەخشن و داواشی لێکردووە داخۆ تا چەند دەتوانێ ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێ کە داوای لێکراوە لە لای ئیمپراتۆر جێبەجێی بکات[19].

لە ١٢ ی ئابی ١٨٠٢، لازەرێڤ بۆ ژێنێراڵ کنۆرینگ دەنووسێ کە: ( جەعفەر–قولی خـان لـە خویـسکیی و موحەمـەد حەسـەن خـان لـە نیخینـسکی پەیماننامەییـەکی دۆسـتایەتییان مـۆرکردووە بـۆ ئـەوەی هێزەکانیـان یەکبخـەن بـۆ بەرپەچـدانەوەی هێزەکـانی پـیر–قـولی خـان)[20]، کـە لەگـەڵ تـساری جۆرجیـا، ئەلیکـساندەر بەشـداربووە بـۆ جـەنگ دژی ڕووسـیا و خـۆی ئامـادەکردووە بـۆ هێـرش کردنـە سـەر جۆرجیا.

---

[18] بڕوانە: مارتیرۆسیانن ڤ. م.، *هەوڵە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی ئەودیو قەفقاز لە ساڵەکانی جـەنگی ڕووسـی–تـورکی ١٨٧٦–١٨٧٤*. ( پەیامبـەری زانـستە کۆمەڵایەتییەکان)، ژمارە ٥ (٣٦٥)، یەریڤان، ١٩٧٣، لا: ٤٢.

[19] *ئەرشیڤی کۆکراوەی لێژنەی شوێنەوارناسیی قەفقاز*، بەرگی یەکەم، لا: ١١٥.

[20] هەمان سەرچاوە، لا: ٦٨٣.

لە ماوەی جەنگی ڕووسی–ئێرانی ١٨٠٤–١٨١٣ و جەنگەکانی دواتر، دانیشتوانە جۆرجییەکان، ئەرمەنییەکان و ئازەربایجانییەکانی ئەو دیو قەفقاز کۆمەگ و ئالیکاری هێزەکانی ڕووسیایان کردووە، هەروەك کوردەکانیش بە گوێرەی توانای خۆیان کۆمەگی سوپای ڕووسیایان کردووە و جگە لەوە زۆر کورد وەڵاتنامەی ڕووسییان وەرگرت. ٤٠٠ خێزان لە ١٨ ی نۆڤەمبەری ١٨٠٥هاتنە ڕووسیا و وەڵاتنامەی ڕووسییان پێبەخشرا[٢١]. هەروەها کوردەکانی قەرەداغ ( لە ئێران) ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ وەرگرتنی وەڵاتنامەی ڕووسی. لە نۆڤەمبەری ١٨٠٧، نزیکەی ٦٠٠ کورد داوایان لە دەسەڵاتکارانی ڕووسیا کرد ڕێگەیان پێبدات کۆچ بکەن بۆ کاراباخ[٢٢].

لە ماوەی ساڵەکانی جەنگی ڕووسی–ئێرانی ١٨٠٤–١٨١٣ بەشی زۆرترینی کوردەکانی ئێران (ئەردەلان) ڕەتیانکردەوە دژی سوپای ڕووسیا بجەنگن[٢٣].

---

[٢١] ڕاپۆرتی ژێنێرال–مایۆر نیسفیاتیف بۆ شازادە تسیتایڤ لە کاراکلیس بە مێژووی ٣٠ی نۆڤەمبەری ١٨٠٥، بڕوانە *بەڵگەنامەکانی لێژنەی شوێنەوارناسیی قەفقاز*، بەرگی دووەم، لا: ٦٣١.

[٢٢] ڕاپۆرتی سەرهەنگی دووەم کۆتلیارفسکی بۆ کۆنت ڤۆدۆفیچ لە شووش بە مێژووی ٢٨ ی نۆڤەمبەری ١٨٠٧، بڕوانە *بەڵگەنامەکانی لێژنەی شوێنەوارناسیی قەفقاز*، بەرگی سێیەم، لا: ٤٣٣.

[٢٣] بڕوانە: ن.ی. ئەڤریانۆڤ، *کورد لە شەڕەکانی ڕووسیا لەگەڵ تورکیا و ئێران لە سەدەی نۆزدەهەمدا*، تفلیس، ١٩٠٠، لا: ١٠–١١.

هەرچی لەبارەی هەڵوێستی کوردەکانی ئەمارەتی یەریڤانە، ئەڤریانۆڤ نووسیویە کەوا هەشت هەزار خێزان بەشدار نەبوون لە ئۆپیراسیۆنە جەنگییەکان لەگەڵ ئێران دژ بە فیرقەی شازادە تیستیانۆڤ کە داکۆکی لە ئەمارەتی یەریڤان دەکرد[٢٤].

لە سەروبەندی خەبات لە پێنا و ڕزگارکردنی یەریڤان لە لایەن هێزەکانی ڕووسیا، هەڵوێستی کوردەکانی زیلان (٢٠٠٠ خێزان) گرینگیەکی تایبەتی هەبووە، هەر بۆیە شازادە تیسیانۆڤ یا ئەوانەی دوای ئەو هاتن- سەرکردەکانی سوپای ڕووسیا لە قەوقاز، وەك کۆنت گۆدۆڤیچ و ئەوانی دیکە، هەموویان کۆششیان بووە ئەم کوردانە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

لە ساڵی ١٨٠٦، کوردەکانی دومبلی لەگەڵ فیرقەی سوارەی شوکینیسك بوون و لەگەڵ هێزەکانی ڕووسیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەمارەتی کوبیسك دەجەنگان و لە هاوینی ١٨١٢ بەرپەچی هێرشی هێزەکانی ئێرانیان دایەوە بۆ سەر ئەمارەتی شیکینسك. ئەم کوردانە بەتەك هێزەکانی ژێنێراڵ کوتلیرڤسکی لە تێکشکاندنی هێزەکانی ئێران لە جەنگی نزیك بە ئەصلاندوز (١٩-٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٨١٢)، کە لەژێر سەرکردایەتی عەباس میرزا بوون، بەشداربوون[٢٥].

دوای تێکشکانی ئێران و مۆرکردنی پەیماننامەی ئاشتی گوڵستان* لەگەڵ ئێران (١٨١٣/١٠/١٢) نفووزی ڕووسیا لەو دیو

---

[٢٤] ئەڤریانۆڤ، ن.ی.، *هەمان سەرچاوە*، لا: ١٤.

[٢٥] *بەڵگەنامەکانی لێژنەی شوێنەوارناسیی قەفقاز*، بەرگی پێنجەم، لاپەرەکانی: ٦٨٢، ٦٨٤-٦٨٥، ٦٩٠.

* لە ژانڤیەی ١٨٠٦، سوپای ئێران بە فەرماندەیی عەباس میرزا لە ڕووباری ئاراس پەڕیەوە و لە دەوروبەری ئیچمیادزین هێزەکانی ڕووسیای شکاند.

**قەفقاز سەقامگیر بوو. بەڵام ئەم پەیماننامەی ئاشتی تەگەرەی خستە بەردەم پلانەکانی ئینگلیز کە لە هەوڵی ئەوەدابوون ئێران بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. بەشێوەیەك شای ئێران لە هەوڵی ئەوەدابوو بە**

---

لەشکرکێشیەکانی ناپۆلیۆن لە بەرەکانی ئەوروپا و شکستی هێزەکانی ڕووسیا لە ئوستەرلیتس Austerlits و ئیللو Eylau وایکرد ڕووسیا نەتوانێ لە بەرەکانی قەفقاز هەنگاوی سەربازی گەورە هەڵبنێ. دوای پەیماننامەی ئاشتی تیلیست لە نێوان فرانسا و ڕووسیا، ئێران بە تەنیا لە بەرامبەر ڕووسیا مایەوە. فرانسا دەستی لە کۆمەگی ئێران کێشایەوە و لەو لای دیکەشەوە جەنگی ئێران لەگەڵ بریتانیا وایکرد ئێران لە وەزعێکی تا دوا ڕادە ناجۆردا بێت. لەم ماوەیەدا ئێران و ڕووسیا بەردەوام لە جەنگدا بوون. پەیماننامەی ١٦ی تەمموزی ١٨١٢ی نێوان ئەنگلستان و ڕووسیا وای لە ئینگلیز کرد هەرچی ئەفسەر و ڕاوێژکاری خۆی لە ئێران دا هەیە بکێشێتەوە. لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٨١٢هێزەکانی ڕووسیا لە ئەصلاندوز شکستێکی تەواویان بە هێزەکانی عەباس میرزا هێنا. ئەنگلستان لە ترسی ئەوەی نەوەکا ئێران بە تەواوی بکەوێتە بن دەستی ڕووسیا، هەرەشەی لە فەتح عەلی شا کرد ئەگەر درێژە بە جەنگ بدات ئەوا کۆمەگە داراییەکانی ئینگلیزی لەسەر دەبڕێ و فشاری زۆری بۆ هێنا تا پەیماننامەی ئاشتی قەبووڵ بکات. بەمشێوەیە پەیماننامەی ئاشتی گولستان دوای دە ساڵ جەنگی نێوان ڕووسیا و ئێران، ساڵی ١٨١٣ مۆرکرا. بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە: دەربەند، باکۆ، شێروان، قەرەباغ، بەشێك لە تالش لە خاکی ئێران دابڕان. جگە لەوە داواکاری ئێران لە بارەی گورجستان، داغستان، مینگرلی و ئابخازی بە تەواوی لە باربرا. بڕوانە: ***معاهدات و قراردادهای تاریخی در دوره قاجاریه***، بە کوشش غلامرضا طباطبائي، مجد، تهران، ١٣٧٣، ص: ٧٢-٨٦. بۆ دەقی تەواوی پەیماننامەکە بە ئینگلیزی بڕوانە: Hurewitz*, J, C, Diplomacy in The Near and Middle East, A Documentary record* ١٥٣٥-١٩٥٦, t, I, ١ère édition, New York ١٩٥٦, pp. ٨٤-٨٦.

پاڵپشتی ئەنگلستان جەنگێکی نوێ دژی ڕووسیا بەرپا بکات. بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم پلانە سەرکردایەتی سەربازی ڕووسی وەك پێشوو گرینگیەکی گەورەی بە ڕاکێشانی هاوسۆزی خەڵکانی ناو ئەم وڵاتە دەدا.

بەو پێیەی بەشێکی کوردەکان لەودیو قەفقاز و لە ناوچە سنوورییە هاوسێیەکانی ئێران و تورکیا دەژیان، بۆیە دەسەڵاتکارانی ڕووسی لە هەوڵی ئەوەدابوون بۆ لای خۆیانیان ڕابکێشن. بوونی هێزەکانی ڕووسیا لەودیو قەفقاز و نزیکیان لە سنوورەکانی تورکی –ئێرانی یارمەتی گەشەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دا. بۆ نموونە، کوردەکانی بڵباس، ساڵی ١٨١٨ ڕەتیان کردۆتەوە  کە سەر بۆ حکومەتی ئێران دابنوێنن. شای ئێران، عەباس میرزای* وەلیعەهدی هەنارد تا ڕاپەڕینەکە دابمرکێنێتەوە. بە گوێرەی داوای عەباس میرزا ٥٠٠ سووارەی ئێرانی لە یەریڤانەوە بۆ تەورێز ڕەوانەکران. هێزەکانی عەباس میرزا لەم جەنگەدا زیانێکی زۆریان بەرکەوت بێ ئەوەی ئامانجەکانی خۆیان بپێکن[٢٦].

لەم ماوەیەدا بەشێك لە کوردەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون وڵاتنامەی ڕووسی وەربگرن. ١٠٠٠ خێزان لە کوردەکانی چەلەبیانیسك لە نۆڤەمبەری ١٨١٦، داوایان لە دەسەڵاتکارانی

---

* (عەباس میرزا ١٧٨٩–١٨٣٣) نایب سەڵتەنە کوڕی دووەمی فەتح عەلی شایە و لە ئاوایی (نوا) لە شاری لاریجان لەدایك بووە. ساڵی ١٢١٣ بووە بە وەلیعەهدی ئازەربایجان. عەباس لە ٤٨ ساڵی لەکاتی گەمارۆ بۆ سەر هەرات و سەرکوتکردنی ئەفغانەکان لە شاری مەشهەد بە نەخۆشی دەردە باریکە مردووە.

[٢٦] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، لا: ١٩١، ٢٠٧.

ڕووس کرد ڕێگەیان پێبدەن بچنە کاراباخ[27]. ئا. س. گریبادۆڤ، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەتاوەکوو پێش دەستبەسەرداگرتنی قەڵای یەریڤان -یش، بەشێکی زۆری کوردەکان بەسەرکردایەتی جەعفەر خان چوونەتە پاڵ سوپای ڕووسی و یارمەتیەکی گەورەیان داون. لە هەمان کاتدا ٢٥٠ خێزانی کورد لە تورکیاوە هەڵاتنە ڕووسیا[28].

لە تەممووزی ١٨٢٦، ئێران بە بێ ئەوەی جاڕی جەنگ بدات دەستیکرد بە چەند پەلامارێکی سەربازی بۆ سەر ڕووسیا. لەم جەنگەدا عەباس میرزا نەیدەتوانی چارەگێکی ئەو کوردانەی کە بە هیوا بوو کۆیانبکاتەوە بباتە ڕیزی سەربازییەوە[29].

لە یەکی تشرینی یەکەمی ١٨٢٧، سوپای ڕووسیا دوای لابردنی گەمارۆ لەسەر قەڵای یەریڤان و بە کۆمەگی دانیشتوانە ناوەخۆییە ئەرمەنەکان توانی دەست بەسەر قەڵای یەریڤان دا بگرێ و بەمشێوەیە بنکەیەکی گرینگی ئێران لەسەر سنووری دەر و ناوچەکانی ڕووسیا لە قەوقاز لەناوبرا.

لە کاتی جەنگ زۆر لە کوردەکانی ئێران لەو کاتەی کە گریبادۆڤ لە ئۆردوگای جۆرسکیی عەبباس میرزا دەبێ، پێشنیاری ئالیکاری بۆ دەکەن. لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٨٢٧ لە دوای چاوپێکەوتنی ئا. س. گریبادۆڤ لەگەڵ کوردەکانی ئۆروم، دەنووسێ: " دڵی ڕووس

---

[27] فەرماننامەی ژێنێراڵ ئەرمۆلۆڤ بۆ کۆلۆنێل لادینیسکی لە ١٥ ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨١٦، بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی شەشەم، لا: ٨٣٤.

[28] بڕوانە: گریبایدۆڤ. ئا. ی.، سەرجەمی بەرهەمەکان، ١٨٨٩، لا: ١٢٠.

[29] بڕوانە: ئەڤریانۆڤ، پ. ی.، هەمان سەرچاوە، لا: ٢٨.

بەو خۆشەویستیە پاکە گەشایەوە بەوانەی دەرفەتی ئەویان بۆ هەڵکەوت بماناسن"[٣٠].

بەشێك لە کوردەکانی دومبولی بەسەرکردایەتی، کەلب– عەلی خان بە تەك سوپای ڕووسیا دەجەنگان و دوای ئەوەش کە هێزەکانی ڕووسیا لە بەهاری ١٨٢٨، دەستیان بەسەر شاری خۆی دا گرت، کەلب عەلی خان–یان کرد بە حاکمی شار[٣١].

---

[٣٠] بڕوانە: گریبایدۆڤ. ئا.س.، *هەمان سەرچاوە*، بەرگی یەکەم، سەرجەمی بەرهەمەکان، ١٨٨٩، لا: ١١٨، ١٢٠–١٢١، ١٢٣، ١٢٥–١٢٦.

[٣١] پاپازیان. ئا. دو، *سەرچاوەیەکی نوێ ی مێژووی گەلی کورد*، (پەیامبەری ماتیندەرانی یەریڤان)، ژمارە ٨، لا: ٢٤٦.

بە گوێرەی ڕێکەوتنامەی تورکمانچای[*]، ئەمارەتی یەریڤان و نەخچەوان لەگەڵ ناوچەی ئوردیباجك بە ڕووسیا لکێنران و هەزاران ئەرمەنی توانیان بگەڕێنەوە نیشتمان بۆ ئەرمەنستانی ڕۆژهەڵات و لە دەست نیری ئێران ڕزگاریان بوو. بە هەمان شێوە زۆر لە کوردەکانیش دەیانویست بچنە ئەو ناوچانەی کە سوپای ڕووس ئازادی کردبوون. کۆلۆنێل ل. ی. لازەریڤ لە ڕاپۆرتی ڕۆژی۲۷ ی ئایاری ۱۸۲۸ لە شاری خۆی بۆ کۆنت باسکیڤیچ دەنووسێ کە کوردەکانی سەلماس

---

[*] ڕێکەوتننامەی نهێنی نێوان ئەنگلستان و ڕووسیا (۱۸۲٦) لەبارەی کێشەکانی ڕۆژهەلات بە تایبەت لە بارەی ئێران و ئەمپراتۆریای عوسمانی، دەوڵەتی ڕووسیای سەرپشك کردبوو لە هەر هەنگاوێك کە بیەوێ لە ناوچەی ڕۆژهەلاتدا بینێ. یەکەمین لەشکر کێشی ڕووسەکان بۆ سەر ئێران بوو کە نزیکەی دوو ساڵی خایاند. ئۆکتۆبەری ۱۸۲۷، ژێنێرال پاسکۆڤیچ دوای هەشت ڕۆژ جەنگی خوێناوی لە ۱۵ ی ئۆکتۆبەر سەرانسەری سەرزەمینەکانی قەفقازیای داگیرکرد. دە ڕۆژ دواتر تەبریزیشی داگیرکرد. ڕووسیا خەریك بوو خۆی بۆ هێرشی تاران ئامادە دەکرد. شوباتی ۱۸۲۸ ئێران ناچار بوو پەیماننامەی تورکمانچای قەبووڵ بکات کە بۆ ماوەی یەك سەدە چارەنووسی ئێرانی دیاریکرد. بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە بێجگە لەو ئەیالەتانەی کە بە گوێرەی پەیماننامەی گولستان لە ئێران جیاکرابوونەوە سەربار ئەیالەتەکانی: نەخچەوان، ئێرەوان، تالش، قەرەباغ، شورەگل بە دەوڵەتی ڕووسا لکێنران و بڕی دە کرور ( پێنج ملوێن تومان) وەك غەرامە درا بە ڕووسەکان و جگە لەوەش کاپیتولاسیۆنی ڕووسیا بۆ ماوەی یەك سەدە وەکو تووڵە مار لە ملی ئێران گیر بوو. بڕوانە: ***معاهدات و قراردادهای تاریخی در دوره قاجاریه***، بە کوشش غلامرضا طباطبائي، مجد، تهران، ۱۳۷۳، ص: ۱۲۵–۱۳۵. بۆ دەقی تەواوی پەیماننامەکە بە ئینگلیزی بڕوانە:
Hurewitz*, J, C, Diplomacy in The Near and Middle East, A Documentary record* ۱۵۳۵-۱۹۵٦, t, I, ۱ère édition, New York ۱۹۵٦, pp. ۹٦–۱۰۲.

بە پێ داگرتنێکی زۆرەوە داوایان کردووە ڕێگەیان پێبدرێ لەگەڵ ئەرمەنەکان بگوێزرێنەوە ناو سنووری ڕووسیا. هەروەها دووپاتەی دەکاتەوە کە کوردەکان ڕەتیانکردۆتەوە ئەو کۆمەگییە وەربگرن کە بەسەر ئەرمەنییە کۆچبەرەکان دابەشدەکرێ[٣٢].

پێوەندییە ڕووسییە-کوردییەکان لە کاتی جەنگەکانی ڕووسی-ئێرانی لەسەرتای سەدەی نۆزدەهەم سەقامگیرتر بوون بە تایبەت لە کاتی جەنگی رووسی-تورکی دا.

لە ساڵی ١٨٣٩، سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٣٩-١٨٦١) بە مەرسوومێکی تایبەتی سەرەتای سیاسەتی ڕیفۆرمکاری[*]

---

[٣٢] بەڵگەنامەکانی لێژنەی شوێنەوارناسیی قەفقاز، بەرگی حەوتەم، لا: ٢٦٩.

[*] تەنزیمات *tanzimat* (واتە "دووبارە ڕێکخستنەوە" لە تورکی عوسمانلیدا)، یەکێك لە دەورانی ڕیفۆرمی ئیمپراتۆریای عوسمانییە لە ١٨٣٩ تا ١٨٧٦ کە لەم مێژووەی دواییدا دەستووری عوسمانی ڕاگەیەندرا کە زۆر لە بەها و ناوەڕۆکی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاونیشتمانیەتی شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ ی تێدا بوو. ساڵی ١٨٧٦ یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عوسمانی ڕاگەیەندرا کە دواتر دوای دوو ساڵ لە لایەن سولتان عەبدولحەمیدەوە هەڵوەشێنرایەوە و وڵات نوقمی ناو بزووتنەوەیەکی پان-ئیسلامیستانەی حەمیدیانە بوو. مەبەست لە تەنزیمات زیاتر ڕزگارکردنی داو و دەزگەی لاوازی دەوڵەت بوو لەبەرامبەر داو و دەزگەی چالاك و چاپووکی ئەوروپییەکاندا. یەکەمین ڕیفۆرم بریتیبوو لە خەتی شەریف ناسراو بە خەتی گولخانەی ساڵی ١٨٣٩ کە کاری سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم بوو (١٨٦١-١٨٣٩). دەشێ بگوترێ ئەم ڕیفۆرمە سەرەتای لەیەکترازانی کۆمەڵی کۆسمۆپۆلیتی عوسمانی بوو. ٢٧ ساڵ دواتر دووەم باڵی ڕیفۆرم کە بریتیبوو لە خەتی هومایۆن ڕاگەیەندرا. ئەم ڕیفۆرمانە هاوکات لەگەڵ شەپۆلی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم لە ناوچەکە ئیمپراتۆریای عوسمانییان لە ئیمپراتۆریایەکی فرە مەزهەب و فرە ئیتنی پێکەوە ژیاو کردە ئیمپراتۆریایەکی

(تەنزیمات)ی ڕاگەیاند. دوای ئەوە چەند یاسایەك لەبارەی دووبارە بوونیاتنانەوەی سوپا و داو و دەزگەی ئیداری و سیستمی دارایی دەرچوون، وێرای ئەوەی کە ئەم ڕیفۆرمانە دیاریکراو بوون، کەچی ئالیکار بوون لە گەشەسەندنی سەرمایەداری لە تورکیا. بەڵام ئەم ڕیفۆرمە پارچە پارچەییانە هیچێکی وایان لە ڕەوشی کۆمەڵی جوتیاران باشتر نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ئەنجامی باجی زێدە و قورسایی سەربازگیری زۆرەکی، ڕەوشەکەیان خراپتر کرد. پێشتر، جووتیاران لە هاوینان خزمەتی دەرەبەگەکانیان دەکرد و کاتەکانی دیکەی ساڵیش لە ماڵ بوون، بەڵام دوای ئەوەی حکومەت سوپاییێکی ڕێکخراوی پێکەوەنا دەبوو جووتیارەکان ماوەی ١٥ ساڵ لە خزمەتی سەربازی دا بمێننەوە کە ئەمە دەبووە هۆی کەمی هێزی کارگەر، بەشێوەیەك بەشی زۆرترینی سەربازگیرییەکان لەو پیاوانە بوون کە توانای کارکردنیان هەبوو.

ئەم ڕیفۆرمانەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەکران و هەروا لەناوبردنی سیستمی عەسکەری–فیۆدالی بە هەمان شێوە لەگەڵ بەرژەوەندی دەرەبەگە کوردەکانیش بەریەکدەکەوتن کە لە ماف و ئیمتیازاتی پێشوویان بێبەش دەکران. بۆیە دەرەبەگە کوردەکان ویستیان بزووتنەوەی جوتیاران بخەنە ژێر نفوزی خۆیان تا وەکوو چەکێك لە دژی حکومەتی تورکیای بەکاربهێنن.

---

عەسکەرتار کە دواتر لەگەڵ کودەتای تورك– لاوەکان ١٩٠٨ تا ڕۆژی ئەمرۆ کۆمەڵی تورکی لەژێر دەزگەی عەسکەری نووزەی دیمۆکراسی لێوە بڕاوە، وەرگێر.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و لە قۆناغی پێش تەنزیماتیش، کۆمەڵێك ڕاپەڕین لە تورکیا لە لایەن جوتیارە کوردەکان بەرپا بوون. ساڵی ١٨٠٦، کوردەکانی سلێمانی دژ بە تورکەکان ڕاپەڕین، ئەم ڕاپەڕینە بە ناوی ڕاپەڕینی ئەوڕەحمان پاشا ناسراوە کە بە زەحمەت توانرا دابمرکێنرێتەوە[٣٣]. ساڵی ١٨١٥، ڕاپەڕینی کوردەکانی بایەزید و وان بەرپابوو و کوردەکانی ئێرانیش لە ئەمارەتەکانی یەریڤان و نەخچەوان و کوردەکانی دەوروبەری خۆی بەشدارییان تێدا کرد. ئەم ڕاپەڕینە زۆر بە دڵڕەقی لەلایەن سوپا لە ئەرزەرۆم دامرکێندرایەوە بە جۆرێك کە ماڵ و خانووی کوردەکان بەتەواوی تێك و پێکدران[٣٤].

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ڕووسی-ئێرانی ١٨٢٦-١٨٢٨، هەر زوو جەنگی ڕووسی-تورکی ١٨٢٨-١٨٢٩ بەرپابوو و ئۆپێراسیۆنە جەنگییەکان لە شەڕگەکانی بالکان و قەوقاز بوون. لەم جەنگە، گەلانی چەوساوەی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی بە کوردەکانیشەوە کۆمەگێکی زۆری سوپای ڕووسیایان کرد.

چەند ڕووداوگەلێکی ناسراو لە خەباتی هاوبەشی نێوان ئەرمەن و کورد دژ بە تورکە ستەمکارەکان لە کاتی جەنگی ڕووسی-تورکی ١٨٢٨-١٨٢٩ هەیە. لەبارەی یەکێك لە ڕوداوانە ئاپۆڤیان. خ. دەنووسێ: " کوردە ئێزیدییەکان بە سەرۆکایەتی میرزا ئاغا و ئەرمەنەکان بە سەرۆکایەتی کاهن بۆگۆس (قەشە پۆلۆ) بەرگری

---

[٣٣] بڕوانە: نیکیتین. ڤ.، کورد، مۆسکۆ، ١٩٦٤، لا: ٢٨٥.

[٣٤] ڤلچێڤسکی. ئۆ. ل.، *ئابووری کشتوکاڵی کۆمەڵی کوردە کۆچەرەکانی ئەودیو قەفقاز و ناوچە هاوسنوورەکان- لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دا*، گۆواری (ئەتنۆگرافیای سۆڤیەتی)، ١٩٣٦، ژمارە ٤-٥، لا: ١٥٨.

تورکەکانیان کردووە و لە سایەی هێزی بە ژمارە کەمیان نزیک بە قەڵای ڕادۆڤان نزیک بە موسل) سوپایەکی تورکی بە تەواوەتی کە نزیکەی سی هەزار سەرباز بووە تار ومار بکەن[٣٥].

پێش دەستپێکردنی جەنگ و لە ماوی ڕەوتی ئۆپیراسیۆنە سەربازییەکان، سەرکردایەتی سەربازیی ڕووسی بایەخێکی گرینگی بە ڕۆڵی کوردە دانیشتووەکانی نزیک سەرزەمینە ڕووسیەکانی ئەو دیو قەفقاز: ئاواییەکانی ئاخالتسخك، قارس، ئەرزەرۆم، بایەزید و مووش دەدا.

وەختایەکیش جەنگ هەڵگیرسا کوردەکان ئامادە نەبوون بەتەك سوپای تورکیا شەڕ بکەن و میری هەکاری بێلایەنی خۆی لە جەنگ ڕاگەیاند، لە کاتێکدا ئەمارەتەکانی دیکەی کوردستانی خواروو هیچ بەشدارییێکی وایان لە جەنگەکەدا نەکرد کە شایانی باس کردن بێت، بەدەر لەو کوردانەی کە لە پێوەندی ڕاستەوخۆ دابوون لەگەڵ هێزەکانی تورکیا و ناچار بوون بدەنە پاڵ تورکەکان[٣٦].

ئاشکرایە کوردەکان بە هیچ کلۆجێ بەرگریان لە بایەزید نەکرد کاتێك لە ٢٨ ی ئابی ساڵی ١٨٢٨ شار کەوتە بندەست ڕووسەکان[٣٧]. دوای ماوەیەك و لە هەشتی ئەیلوولی ١٨٢٨، ٢٠٠ خێزانی کوردی ئێزیدی بە سەرۆکایەتی سەرۆکەکەیان حەسەن ئاغا چوونە ناوچەی

---

[٣٥] ئاپۆڤیان، خ.، *دانراوەکان*، بەرگی هەشتەم، یەریڤان، ١٩٥٧، لا: ٣٦.

[٣٦] بڕوانە: ئەڤریانۆڤ پ.ی.، هەمان سەرچاوە، لا: ٤٥.

[٣٧] ژێنێرال- مایۆر ئۆشاکۆڤ، *مێژووی ئۆپیراسیۆنە جەنگییەکان لە تورکیای ئاسیەوی لە ساڵەکانی ١٨٢٨-١٨٢٩*، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، وارشۆ ١٨٤٣، لا: ٣٥٩. هەروا بڕوانە: بەڵگەنامەکانی لێژنەی شوێنەوارناسیی قەفقاز، بەرگی حەوتەم، لا: ٧٧٥.

ڕووسەکان کە دواتر ڕووسەکان فیرقەیەکی ١٠٠ سوارەیان لێ پێکهێنان کە چالاکانە لە ئۆپێراسیۆنە جەنگییەکان بە تەك ڕووسەکان جەنگاون[٣٨]. لە هێرشی سەر قەلای تۆپراق قەلا (ئالاشگەرد) بەشداریان کرد و هەمان فیرقەی ناوبراو لەسەر ڕێگەی ئەرزەرۆم توانیان دەست بەسەر ڕەوە کەڵەگایەکی خەڵکی دابگرن کە ژمارەیان ١٤٠ کەڵەگا بووە و لەژێر چاوەدێریەکی لاوازی تورکی بەرەو تۆپراق قەلا دەرۆیشتن تا ئازووقەیان پێ بگوازنەوە و خەڵکەکەش وەك دیل پەلکێش بکەن.

هەر لە هەمان ڕۆژدا، واتە لە ١١ی ئەیلوولی ١٨٢٨ باندەکانی کاریا یاخسك ناکی خان، ئاوایی جلکاڤ ئەرمەنییەکان ( لە ١٥ فەرستی قەلای تۆپراق قەلا) بە تالان برد، ئەوکاتە ٨٠ سوارەی کورد لەگەڵ ٦٠ قۆزاق و٦٠ هێزی میللیی یەریڤان لەژێر سەرکردایەتی بیاتۆڤی بەرپرسی هێزەکانی سەربازی بەمەبەستی ڕەدوونانی ئەم باندە نێردران. هێزەکان توانییان ٥٠٠ سەر ئاژەڵی تالانکراوی ئەرمەنەکان بگێڕنەوە[٣٩]. کوردەکان بە ئازایەتی و مێرخاسیاتی ناسراو بوون، لەمبارەیەوە یەکێك لە سەرکردە سەربازییەکان میر چاڤچاڤدزە لە نامەیەکیدا بۆ کۆنت پاسیکۆڤیچ، ڕۆژی ١٥ ی ئەیلولی ١٨٢٨ بەمشێوەی نووسیووە: ((*کوردەکانی حەسەن ئاغا بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێ دڵسۆزی خۆیان بسەلمێنن: ئەوان لە هەموو شوێنێکدا یەکەمین کەسانێکن کە خۆیان دەخەنە ناو ئاگر*))[٤٠].

---

[٣٨] هەمان سەرچاوە.
[٣٩] بڕوانە: لیوا ئۆشاکونۆڤ... هەمان سەرچاوە، لا: ٣٥٩، ٣٦١.
[٤٠] ئەڤریانۆڤ، پ. ی.، هەمان سەرچاوە، لا: ٥٣.

له كاتی ڕەوتی ئەم جەنگەدا، سەرکردایەتی عەسکەری ڕووسیا له دانیشتوانەکانی ئەم ناوچانەی که دەستیان بەسەرداگرتبوون چوار فەوجی عەسکەری لێ دروستکردبوون، به شێوەیەك که فەوجی ژمارە (٤) ٤٠٠–٥٠٠ سوارەی کوردی تیابوو[٤١]. هەروەها ئێزیدییەکان به سەرکردایەتی حەسەن ئاغا و بەهەمان شێوەش کوردەکانی عەشیرەتی جەلالی دانیشتووی ئەمارەتی ماکینسکیانی تیابوو[٤٢].

دوای دەستبەسەر داگرتنی سەرکردایەتی ڕووس بۆ سەر قارس و ئەرزەرۆم، هێزەکانی ڕووسیا بەرەو دیاربەکر و سیواس هەڵکشان. جارێکی دیکەش سەرکردایەتی سەربازی ڕووسیا بینی که ڕاکێشانی کورد بۆ لای خۆی مەرجی سەرکەوتنیەتی. پاسکیڤیچ هیوایەکی زۆری لەسەر کوردەکانی تورکیا و بەشداری پێکردنیان له ئۆپیراسیۆنه سەربازییەکان دژ به تورکەکان هەڵچنیبوو، چون له کاتی بەرەو پێشەوەچوونی سوپای ڕووسیا بۆسەر ئەرزەرۆم دەتوانن هێلەکانی پێکەوەبەستنی ڕووس لەگەڵ ئەو دیو قافقاز و بەرەی ڕۆژهەلات دابین بکەن و دواتر سوپای تورکی و به تایبەتی سوارەی تورکی لاواز بکەن[٤٣]. هەروەها له سایەی هەڵوێستی بێلایەنانەی فیرقەی کوردی که له حەوت هەزار کەس پێکهاتبوو، هێزەکانی ڕووسیا له ٢٧ی حوزەیرانی ١٨٢٩ به ئاسانی دەستیان بەسەر

---

[٤١] بڕوانە: *بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژهەلاتی نزیك*، تاشقەند، ژمارە ١٣–١٤، ١٩٣٢، لا: ٩٧.

[٤٢] ئەڤریانۆڤ، پ.ی.، هەمان سەرچاوە، لا: ٦٢.

[٤٣] بڕوانە: *بەڵگەنامەکانی لێژنەی شوێنەوارناسیی قەفقاز*، لا: ٧٧٥. ڕاپۆرتی کۆنت پاسکیڤیچ ڕۆژی ٢١ی تشرینی دووەمی ١٨٢٨.

ئەرزەرۆمدا گرت[٤٤]. شایانی باسە کە کوردە بەرهەڵستکارەکانی دەسەڵاتی تورکی لە کاتی جەنگ و یاوەکو دوای ئاگر بەستی ئاشتی هیوایان لەسەر کۆمەگی ڕووسیا هەڵچنیبوو و لە هەمان کاتدا بەشداری خۆیان دەخستە بەردەم سەرکردایەتی عەسکەری ڕووسی لە خەبات دژ بە تورکەکان. بە نموونە لە ماوەی جەنگی ڕووسی-تورکی ١٨٢٨-١٨٢٩، میرزا ئاغا یەکێك لە سەرکردە کوردە ئێزیدییەکان لە زیندڤان (ویلایەتی دیاربەکر) کە سەرکردەی ١٥٠٠ سوار و ٥٠٠ جەنگاوەری سوارە بوو، دژی حکومەتی تورکیا دەجەنگا و چەندین جار پێوەندی بە هێزەکانی ڕووسیاوە کردبوو و پێشنیاری بۆ کردوون پێکەوە دژی دوژمنی هاوبەش خەبات بکەن[٤٥]، هەروەها کوردەکانی دێرسیم شەڕێکی توندی هێزە چەکدارەکانی تورکیایان کردووە[٤٦].

لە جەنگی ڕووسی-تورکی ١٨٢٨- ١٨٢٩ بەشێکی کوردەکان بە تەك سوپای ڕووسیا جەنگاون و کۆنت باسکیڤیچ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەرکردایەتی ڕووسیا دڵنیایە لە (دەستبەسەرداگرتنی بایەزید و سەقامگیرکردنی بوونی ئێمە لە باکوری کوردستان و لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕیش دەتوانین ژمارەیەکی بێشومار لە چاکترین

---

[٤٤] بڕوانە: *بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژهەڵاتی نزیك*، تاشقەند، ژمارە ١٣-١٤، ١٩٣٢، لا: ٩٦.

[٤٥] ئەرشیڤی ناوەندی دەوڵەتی بۆ مێژوو لە کۆماری جۆرجیای سۆسیالیستی، ف. (٢)، بەڵگەنامەی ژمارە (٦٦)، لا: ا، ٣٣، ٤.

[٤٦] هەمان سەرچاوە، ف ١٤٣٨، ژمارە ٣٨٦، لا: ٣٤٠.

سوارەکانی ئاسیا بۆ سەربازی بگرین، دەنا دوژمن دەتوانیٚ بە وریاییەوە دژی ئێمە بەکاریان بهێنیٚ)[٤٧].

لە ئەنجامی جەنگی ڕووسی–تورکی بە شێوەیەکی بەهێز نفوزی ڕووسیا لە دەریای ڕەش و ئەودیو قافقاز زیادیکرد کە بە گوێرەی ئاگربەستی ئاشتیی ئەدریانۆبل لە ٢ی ئەیلولی ١٨٢٩، کەنارەکانی دەریای ڕەش لە ڕێژگەی کۆبانەوە تا شاری ئاخالکالاك و ئاخالتیسخ کە هاوسێی ئەو ناوچانەن کە کوردەکانی تێدا دەژی، بە ڕووسیاوە لکێنران.

پێوەندیگرتنەکان و ئالیکاری کوردەکان لەگەڵ دەسەڵاتکارانی ڕووسی دژەکرداری نێگەتیڤی زۆر توندی لای تورکەکان دروستکرد. ڕاوەدوونانی کوردەکان لە دوای جەنگ زێدەتربوو. لە ئەنجامی ئەمە و بۆ هەڵاتن لە دەست جەور و ستەمی تورک بەشێك لە کوردەکان بە ئێزیدییەکانیشەوە بۆ خۆیان نەوایەکی ئارامیان لە ئەرمەنستانی ڕۆژهەڵات دا دۆزییەوە. ئاپۆ ڤیان باسی ئەوە دەکات کە: ( تەنگ پێهەڵچنینیان و سەرەدوونانیان لە لایەن حکومەتی تورکیاوە ناچاری نەکردن (واتە کوردەکان نووسەر) کە ڕق و قینی خۆیان دژ بە تورکەکەکان بشارنەوە و هاوپشتیان لەگەڵ ڕووسیا وەدیار نەخەن)[٤٨].

---

[٤٧] بڕوانە: بەڵگەنامەکانی لێژنەی شوێنەوارناسیی قەفقاز، بەرگی حەوتەم، لا: ٧٨٦. پێوەندی کۆنت پاسکۆڤیچ لەگەڵ کۆنت نیسیلرود ڕۆژی ٣ی حوزەیرانی ١٨٢٩.

[٤٨] ئاپۆڤیان، خ.، *سەرجەمی بەرهەمەکان*، بەرگی هەشتەم، یەریڤان، ١٩٥٨، لا: ٣٧٢.

لکاندنی ئەو دیو قەفقاز بە ڕووسیا و ئەنجامەکانی جەنگی ڕووسی–ئێرانی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و هەروەها جەنگەکانی ڕووسی–تورکی ١٨٢٨–١٨٢٩ یاریدەدەر بوون لە سەقامگیرکردنی پێوەندییە کولتورییەکانی ڕووسی–کوردی.

ڤ. ئی. لێنین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێش ڕووسیای شۆڕشگێر* دەبێ جیاوازی لە نێوان دوو دەوڵەتی ڕووسیا بکەین. لە لایەك ڕووسیای قەیسەری بە سیاسەتی کۆلۆنیالی خۆیی و لەو لای دیکەشەوە گەلی ڕووسیا بە کولتووری پێشکەوتنخوازی دیمۆکراسییەوە.

ساڵی ١٨٢٨ وەختایەك سوپای ڕووسیا دەستی بەسەر شاری ئەردەبیلی ئێرانی دا گرت، سەرکردەی سوپای ڕووس ژێنێرالٚ سوختلن لە کتێبخانەی بەناوبانگی سەفەوییەکان کە لە شارەکە بوو و باشترین نووسراوەی مێژوویی گەلی کوردی تێدا بوو، ئەویش شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی بوو، کە لە لایەن نووسەر خۆیەوە ساڵی ١٥٩٩ نووسراوەتەوە و مۆرکراوە[٤٩]، ڕەوانەی پێتەر سبورگ کرد. ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو لێرخ ئاماژە بە گرینگی ئەمکارە دەکات و دەنووسێ: ((لە یەکێك لە کتێبخانەکانی پایتەخت بڕواپێکراوترین دەستنووس وەك باشترین سەرچاوەی مێژووی گەلی کورد (شەرەفنامە) دەستدەکەوێ))[٥٠].

---

* مەبەستی لێنین، ڕووسیای دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ە، وەرگێڕ.

[٤٩] ڤ.ف. مینۆرسکی، *کورد: تێبینی و سەرنج*، پەترۆگراد، ١٩١٥، لا: ٢٠.

[٥٠] پ. ی. لێرخ، *لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردەکانی ئێران و خالدییەکانی باو و باپیرانی باکووریان*، کتێبی یەکەم، پەترۆگراد، ١٨٥٦، لا: ٥.

هەر زوو ئەكاديمی ڤیلیامنیۆڤ–زەرنۆڤ لە پیتەر بوورگ نوسخەی فارسی ئەسلی ئەم نووسراوە مێژووییەی بڵاوكردەوە، و دواتر ئەكاديمی شارمۆی دوای وەرگێڕانی بۆ فرانسەوی لە چوار بەرگ دا بڵاویكردەوە، مینۆرسكی ئاماژە بە كۆششی شارمۆی دەكات كە نزیكەی هەموو ژیانی خۆی بۆ تەواوكردنی ئەمكارە تەرخانكرد[٥١].

شاعیری مەزنی ڕووس، ئەلیكساندەر پۆشكین یەكەمین كەسە لە ڕووسیا كە لە (گەشتێك بۆ ئەرزەرۆم) لە كاتی هێرشی ساڵی ١٨٢٩ باسی كوردی كردووە. لە پاشكۆی (گەشتێك بۆ ئەرزەرۆم) تێبینی وتارێكی مسیۆنێری ئایینی م. گارتسۆنینی تێدایە دەربارەی تایەفەی ئێزیدییەكان[٥٢].

ئەنجامەكانی ئەو گەشتانەی كە هەردوو توێژەرەوەی ڕووسی ف. دیتێل و ی. ن. بێرزین لە ساڵەكانی ١٨٤٢–١٨٤٥ بۆ ناو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات كردوویانە شایانی تێبینی و سەرنجن. ئەم دوو توێژەرەوە بایەخێكی زۆریان بە لێكۆڵینەوەی كولتووری كوردی داوە و هۆیەكەشی بەڕای دیتێل ئەوەیە كە ڕووسەكان هاوسێی كوردەكانن، بەجۆرێك دەڵێ: ((ئێمەی ڕووس بە نزیكەیی لە دوو لای قەوقاز و دەریای ڕەش هاوسێی ئەم كوردانەین))[٥٣]. ڤ. دیتێل ئەوە دووپات دەكاتەوە كە كوردەكان ئەدەبی نووسراو و ئەدەبی

---

[٥١] ڤ. ف. مینۆرسكی، هەمان سەرچاوە، لا: ٢٠.

[٥٢] بڕوانە: پوشكین، ئا. س.، *سەرجەمی دانراوەكان*، بەرگی چوارەم، مۆسكۆ ١٩٥٤، لا: ٣٧٥، ٣٨٨–٣٩٣، ٤١٩.

[٥٣] دێتیل، ڤ.، *وتارێك لەبارەی گەشتەكان لە ڕۆژهەڵات لە ١٨٤٢–١٨٤٥*، بڕوانە: گۆواری (كتێبخانە بۆ خوێندنەوە)، بەرگی ٩٥، بەشی یەكەم، پەترۆگراد، ئایاری ١٨٤٩، لا: ١٩٢.

**وەرگێڕاویان هەیە کە لە سەرچاوەی فارسییەوە وەرگیراوە. لەناو ئەدەبی کوردی چەندین ناوی زۆر پرشنگدار لە مێژوو و شیعر دا هەیە[٥٤].**

**لکانی ئەو دیو قەفقاز بە ڕووسیا بوو بەهۆی نزیکبوونەوەی گەلانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ یەکدی. کەسایەتییە پێشەنگەکانی گەلانی ئەرمەن، جۆرجی و ئازەربایجانی یارمەتی بەهێزکردنی پێوەندی کولتووری و خۆشەویستی نێوان ئەم گەلانەیان دا. لەناو ئەمانە کەسایەتیی بەحەماس بۆ دۆستایەتی نێوان گەلان و ڕووناکبیری دیمۆکراتی مەزن خاچاتۆر ئابۆڤیان (١٨٠٥-١٨٤٨) کە ساڵی ١٨٤٨، دوو وتاری لەبارەی کوردەکان نووسیووە لەژێر ناوەکانی (کورد) و (ئێزیدییەکان) و لە ڕۆژنامەی (قەفقاز) دا بڵاوکراونەتەوە[٥٥].**

**لە وتاری (کورد) نووسیوویە: " زۆر ئەستەمە لە کاتی ئێستەدا لە ناو هەر چوار گۆشەی جیهان، پێوەندییێکی باوکایەتی بە باشی و خراپەکانییەوە، بە تەواوی و ناتەواوییەکانی، وەك ئەوەی لەناو**

---

**[٥٤] دێتیل، ڤ.، *نیشاندانی گەشتێکی سێ ساڵە لە ڕۆژهەڵات*. گۆواری (ژورنالی پەروەردەی نیشتمانیی)، ژمارە ١٠، پەترۆگراد، ١٨٤٧، بەرگی شەشەم، بەشی چوارەم، لا: ٩.**

**[٥٥] وتاری (ئێزیدییەکان) چاپی یەکەمی بۆ یەکەمجار لە ژمارەکانی (٨) و (٩) ی ڕۆژنامەی (قەفقاز) رۆژی ٢١ و ٢٨ ی شوباتی ١٨٤٨ بڵاوکرایەوە ( ئەم وتارەی ئابۆڤیان لە بارەی ئێزیدییەکان کراوەتە ئەڵمانی و ساڵی ١٩٩٤ لە** *Acta Kurdica* **بڵاوکراوەتەوە، وەرگێڕ) هەرچی وتاری (کورد) بوو لە ژمارەکانی: ٤٦-٤٧، ٤٩-٥١ لە هەمان ڕۆژنامە ڕۆژی ١٣، ٢٠ تشرینی دووەم و ٤، ١١، ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٨٤٨ بڵاوکرایەوە. بڕوانە ئاپۆڤیان، سەرجەمی بەرهەمەکان، بەرگی ٨، یەریڤان ١٩٥٨. لا: ٤٥٠-٤٥١ و هەروەها بارسامیان، مێژووی گەلی ئەرمەن، یەریڤان، لا: ١٦٦.**

کورد دا هەیە بدۆزینەوە کە بە درێژایی چەندین سەدەیە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. پڕ بە مانای وشەکە دەشێ کورد بە سوارەی ڕۆژهەڵات ناو بنێین، لە کاتێکدا کە ژیانێکی زۆر شارەستانی تر پیادە دەکەن. ئازایەتی و ڕاشکاوی و دڵسۆزی .... پەیمان نەشکێنی و میواندۆستی.... ڕیزی بێ پایان بۆ ئافرەت، هەموو ئەم خەسلەتانە سیفاتی گشتی هەموو ئەم گەلەن"[٥٦].

بەمشێوەیە دەبینین کە لە ڕووسیا لێکۆڵینەوەی کوردی لەبارەی زمان، مێژوو و ئەتنۆگرافیا بەڕێوە دەچێ.

پەرەئەستاندنی دواتری پێوەندییە ڕووسی–کوردییەکان وەستا بووە سەر پێویستی ڕێکخستنی جەنگی نێوان کوردەکان و ڕووسەکان دژ بە هاوپەیمانێتی تورکیا، بریتانیا، فرانسا و سەردانیا* لە کاتی جەنگی قرم دا.

ئۆپیراسیۆنی جەنگی نێوان ڕووسیا و تورکیا لە تشرینی یەکەمی ١٨٥٣ دەستیپێکرد. ئەم ئۆپیراسیۆنانە لە سەرەتا لە

---

[٥٦] بڕوانە: ئاپۆڤیان، *سەرجەمی بەرهەمەکان*، بەرگی ٨، یەریڤان ١٩٥٨. لا: ٣٦٠–٣٦١.

* سەردانیا Sardina: دوورگەیەکە لە ئیتالیا و لە دەورانی جەنگی قرم شانشینێکی سەربەخۆ بووە. بە گوێرەی پەیماننامەی لەندەن ( ساڵی ١٧١٨)، ڤیکتۆر ئامێدی دووەمی ساڤا، سیسیلی گۆڕی بۆ ساردینیا. ئەم پەیماننامەیە لە ساڵی ١٧٢٠ کەوتە بواری جێبەجێکردن و ئەم مێژووە دەکرێ بڵێین مێژووی لە دایکبوونی شانشینی ساردینیایە. ئەم شانشینە هەمیشە چاوگەی چاوتێبڕینی فرانسا بووە. لە ساڵانی جەنگی یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی ئیتالیا شانشینی ساردینیا پێشوازی لەو یەکگرتنەوەیە کرد و دواتر ساڵی ١٨٦١ وەختایەك یەکێتی ئیتالیا ڕاگەیەندرا لەم مێژووە بەدواوە ئەم دوورگەیە ئیدی لەسەر شانۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی کەوتە ڕیزی دووەم، وەرگێر.

شـەڕگەکانی دۆنـای و قـەوقاز دەسـتیان پێکـرد و لەوکاتـەوەش کـە ئەنگلـستان و فرانـسا لـە ئـازاری ١٨٥٤ هاتنـە نـاو جەنگەکـە، ئیـدی بواری ئەم ئۆپیراسیۆنانە بەرفراوانتر بوون و دونـای، بالتیك، ئـەودیو قەفقاز، دەریای سپی و ڕۆژهەڵاتی نزیکیشی گرتەوە.

پـاییزی ١٨٥٤، ناوەنـدی ئۆپیراسـیۆنی جـەنگ گواسـترایەوە بـۆ قـرم، بـەجۆرێك هاوپەیمانـەکان هـەموو کۆششێـشکیان بـۆ ئـەوەبوو هێـزی کەشـتیگەلی ڕووسـی لـە دەریـای ڕەش تێکبـشکێنن و بنکـەی سیڤاسـتۆبۆل داگـیر بگـەن کـە بنکـەی چـاوتێبڕینی تـەواوی هێـزە دوژمنەکان بوو. بە جۆریك کە ئەم بنکەیە تا ڕادەیێکی زۆر پاڵپشتی هێزەکانی ڕووسی بوو لـە شەڕگەکانی دیکـەش بە شەڕگەی ئـەو دیـو قەفقازیشەوە.

شـــەڕگەی قـــەفقاز ڕۆڵێکـــی گـــەورەی بـــینی لـــەم جەنگـــەدا. سەرکردایەتی سەربازی تورکی بە یاریدەی هاوپەیمانەکان، سوپاکەی خۆی لە ئانادۆل دووبەرابەر کرد و گەیاندیە ١٢٠ هەزار سەرباز، واتە سێ بەقەد بەرابەر هێزەکانی ڕووسیا و دەیەویست خاکی جۆرجیا و ئەرمەنستان داگیربکات و هەروا ڕێگەی هاتووچۆی نێوان تـەرابزۆن-ئـەرزەرۆم- تـەبرێز- تـاران دەسـتەبەر بکـات کـە ئەمـە ئینگلـستانیش خـەونی پێوە دەبینی. فەیلـەقێکی ڕووسـی بـە ئاڕاسـتەی بنـچینەیی ئۆپیراسیۆنەکانی ئەلکساندەر پۆل-قارس چووە پێش. لە باڵی ڕاست هێزەکـانی ڕووسـیا قوڕسـاییان خـستبووە سـەر هـەردوو قـەڵای ئەنالـستیخ و ئـەخالکالاك و لـە بـاڵی چەپیـشەوە هێزەکـانی فیرقـەی یـەریڤان. لـە مـاوەی ئۆپیراسـیۆنە سـەربازییەکان فەیلـەقی ڕووس شکستێکی گەورەی بە هێزەکانی تورکیا هێنا کە بە ژمارە زۆر لەوان

زیاتر بوون. هێزە میللی و نیشتمانییەکان و دانیشتوانەکانی قەفقاز دەورێکی گەورەیان بینی لە سەرکەوتنی فەیلەقی ڕووسی.

سەرکردایەتی سەربازی ڕووسی بایەخێکی زۆری بۆ بەلای خۆدا ڕاکێشانی هاوسۆزی کوردەکانی ناوچە سنوورییەکان و شەڕگەی ئۆپێراسیۆنەکان دەدا لە تورکیا.

لە کاتی جەنگی قرم هێشتا برینی خەڵکی کورد بەدەست ئەو داپڵۆسینە ساڕێژ نەبووبۆوە کە ساڵی ١٨٣٤، بەدەست هێزەکانی تورکیا کە بریتیبوون لە ٢٠ هەزار سەرباز بە سەرۆکایەتی محمد ڕەشید پاشا چەشتبوویان. ئەمە وێرای داپلۆسینی ڕاپەڕینی بەدرخان ١٨٤٣-١٨٤٧.

تاوانەکانی دەسەڵاتکارانی تورک یارمەتی زیادبوونی ڕۆحی دوژمنکارانەی دژە تورکیان دەدا لە لای کورد. بۆ نموونە ئەڤریانۆڤ ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ساڵی ١٨٥٣، کوردەکان ڕەتیانکردۆتەوە پێوەندی بە خزمەتی سەربازی تورکی بکەن و هێزی سەربازی خۆیان خستۆتە پاڵ هێزەکانی ڕووسیا[٥٧]. ڕاگەیاندنی لیوا لیخۆتین، کە یەکێك لە سەرکردەکانی فیرقەی یەریڤان بوو گرینگیەکی گەلێك زۆری هەیە کە دەڵێ کوردەکان: ((***حەزناکەن شەڕی ئێمە بکەن، نەك لە ترسی ئێمە، بەڵکو چونکە بەرژەوەندیان لە پاڵپشتیکردنی حکومەتی تورکی نییە کە کوردەکان بۆ خۆیان دژایەتی دەکەن***))[٥٨].

---

[٥٧] ئەڤریانۆڤ.پ.ی.، *کورد لە شەڕەکانی ڕووسیا لەگەڵ تورکیا و ئێران لە سەدەی نۆزدەهەمدا*، تفلیس، ١٩٠٠، ل: ٨٢.

[٥٨] م. لیخۆتین، *ڕووسەکان لە تورکیای ئاسیایی لە ١٨٥٤ و ١٨٥٥ لە ڕاپۆرتەکانی کاروباری جەنگی فیرقەی یەریڤان*، پەترۆگراد، ١٨٦٣، ل: ١٤٤.

لــــە یــــەك نزیكبوونــــەوەی دانیــــشتوانە خۆجێیــــەكان بــــە كوردەكانیشەوە لەگەڵ ڕووسەكان بە تایبەت دوای ئەوەی ڕۆژی ١٩ ی تـشرینی دووەم (١ی كـانوونی یەكـەم) ی١٨٥٣ لـە بەرزاییـەكانی باشكاویاكلاسك (لە ٤٠ فرسـەتی* قارس) فەیلەقی توركی كە لە ٣٦ هـەزار سـەرباز پێكهـاتبوو بـە تـەواوی تێكـشكا. لـە دەكـۆمێنتێكی بڵاونـەكراوەی ئەرشـیڤدا هـاتووە: " ئـارەزووی كوردەكـان دوای سـەركەوتنی ١٩ی تـشرینی دووەم (١ی كـانوونی یەكـەمی ١٨٥٣) ڕاستەوخۆ بە قازانجی ئێمە وەرچەرخا، بەجۆرێك پێوەندییێكی زۆر چاك لە نێوانماندا دروستبوو. لە كانوونی یەكەمی (١٨٥٣–نووسەر) ١٤ كـەس لــە سـەرۆكە كوردەكـانی ناوچـەكانی قـارس گەیـشتنە ئەلیسكاندەر پۆل و دڵسۆزی خۆیان بۆ ئێمە دووپات كردەوە"[٥٩].

لە جەنگی ١٨٥٣، كوردەكان لە ڕیـزی سوپای میللی نەخشێكی كارایان بینی.

پێوەندی ئاڵوگۆڕەی نێوان ڕووس و كورد بەشێوەییێكی چاكتر لە سـەرەتای ١٨٥٤ چـاكتر بـوو. لـە ئـاداری ١٨٥٤، لـە ناوچـەكانی ئۆپیراسیۆنە جەنگییەكانی قارس، كوردەكانی زیلان بە سەرۆكایەتی سەرۆكەكەیان ئەحمەد ئاغا دایانە پاڵ ڕووسەكان و دواتر سەرۆكی كوردەكـانی ناوچـەی قـارس، قاسـم خـانیش دایـە پـاڵ ڕووسـەكان. نوێنـەری ڕەسمـی ڕووس لــە وتەیەكیـدا دەڵـێ: ((*دوای ئـەوەی*

---

* فرسـەت: یەكەیـەكی پێوانـەی ڕووسـییە بـۆ درێـژی و بەرامبـەر ١٠٦٧ مـەتر دەوەستێ، وەرگێر.

[٥٩] *ئەرشیڤی ناوەندی دەوڵەتی بۆ مێژوو لە كۆماری جۆرجیای سۆسیالیستی،* ف. ١٠٨٧، بەڵگەنامەی ژمارە (٤٤)، لا: ٢٨–٢٩.

*کوردەکانی تورکیا بینیان ڕەوشی گشتی کوردەکان لە ڕووسیا چاکە، بەشێکیان، بە تایبەتی ئەوانەی لەناوچە سنوورییەکان دادەنیشتن، داوایان کرد بێنە ناو خاکی ئێمە، وەختایەکیش داواکەیان ڕەت دەکرایەوە، بە دزی سنووریان دەبڕی))*[60].

تەنها لە مانگی نیسانی ساڵی ١٨٥٤، لە سەرجەمی ٢٠ ئاوایی، ٤٥٠ خێزانی کورد لە ئاراس پەڕیوونەتەوە[61].

لە ناوەڕاستی تەمموزی ١٨٥٤، فەیلەقێکی تورکی لە بایەزید پەلاماری یەریڤانی دا. بۆ بەرپەچدانەوەی ئەم هێرشە، فیرقەی یەریڤان کە لە ٣٥٠٠ سەرباز پێکهاتبوو، بەسەرکردایەتی ژێنێرال فرانگێل، ڕۆژی ١٧ی تەممووزی ١٨٥٤، لە بەرزاییەکانی چینگیلیسك توانی هێزەکانی دوژمن تێکبشکێنێ کە شەش جار لە هێزەکەی ئەوان زۆرتر بوون[62]. ئەم سەرکەوتنانە یارمەتی بەرزبوونەوەی لایەنگیریی ڕووسەکانیان دا لە ناو دانیشتوانە کوردەکان.

ساڵی ١٨٥٤، سەرکردەی فەیلەقی ڕووسی، ژێنێراڵ بیبیتۆڤ فەرمانی دا کە گرووپێکی سەربازی لە ١٠٠ سەرباز پێکبهێنن و پاشان لەناو فیرقەی یەریڤان، فەوجێکی کوردی لە ٥٠٠ سەرباز لەژێر سەرکردایەتی جەعفەر ئاغا پێکهێنا. لە بەڵگەنامەیەکی زۆر کەم بەردەست کە ئێستە لە ئەرشیڤی ناوەندی مێژوویی دەوڵەت لە کۆماری جۆرجیای سۆسیالیستی سۆڤیەتی هەڵگیراوە هاتووە کە لە

---

[60] بڕوانە: *بەڵگەنامەکانی لێژنەی شوێنەوارناسیی قەفقاز*، بەرگی هەشتەم، لا: ٣٩١.

[61] بڕوانە: ئەڤریانۆڤ. پ.ی.، *هەمان سەرچاوە*، لا: ١٠٧.

[62] بڕوانە: بێستوژێڤ. ی. ڤ.، *جەنگی قرم ١٨٥٣–١٨٥٦*، مۆسکۆ ١٩٥٦، لا: ٧٤.

ماوەی ساڵی ١٨٥٤: ((*ئەم فەوجە بە شێوەیەکی نایاب کاری کردووە، پێ بە پێ لەگەڵ قۆزاقەکان شەڕی تورکەکانی کردووە و لە باڵەوانە نەبەردەکانی ١٧ی تەمموز (١٨٥٤–نووسەر) لە بەرزاییەکانی چینگیلسك بەشداری کردووە و لە سۆنگەی ڕۆڵی بەرچاویدا بە باشترین میلیشیا دانراوە. وێرای ئەمانە لە ماوەی هەر ئەم ساڵەدا، فەوجی کوردی، بە هەموو وردی و نیزامێکەوە لە ڕێگەی کەسانی* ڕاسپاردراو بە خزمەتی تایبەتی، ئەم فەوجە کوردییە ئەرکی تەتەری نامە و نووسراوەکانی فیرقەی یەریڤانی لە ئەستۆ گرتووە بۆ فەیلەق و بە پێچەوانەشەوە))[٦٣]. لەسەر ڕاسپاردەی سەرکردەی فەیلەقەکان: ژێنێرال بیبیتۆڤ، موراڤیۆڤ، ژێنێراڵی مارشال باریاتینسك. سەرکردەی فەوجی کوردی، جەعفەر ئاغا کەوتە دانوستاندنی سەرکەوتوانە لەگەڵ باقی کوردەکانی دیکە بە ئامانجی ئەوەی ئۆپێراسیۆنی دوژمنکارانەیان دژ بە هێزەکانی ڕووسیا ڕابگرن[٦٤].

لە سۆنگەی ئەو سەرکەوتنەی کە لە ١٧ی تەمموزی ١٨٥٤، لە بەرزاییەکانی چینگیلسك، میلیشایەکان بەسەر تورکەکانیان دا هێنا،بە فەرمانی سەرکردەی فەیلەقی یەریڤان، لیوا سیسلۆڤ، ڕۆژی ١٨ی تەمموزی ١٨٥٤، ٢٥ کورد لە پایەی بچووك بە پاداشتی ماددی پاداشتکران[٦٥].

---

[٦٣] *ئەرشیڤی ناوەندی دەوڵەتیی بۆ مێژوو لە کۆماری جۆرجیای سۆسیالیستی*، ف. ١٠٨٧، بەڵگەنامەی ژمارە (٣١٢)، ل ل ٤، بەرگی ٥.

[٦٤] هەمان سەرچاوە، لا: ١٩٦.

[٦٥] *ئەرشیڤی مێژوویی ناوەندی دەوڵەتی ئەرمێنیا*، ف (٩٤)، بەڵگەنامەی ١٤، لا: ١٧.

دوای جەنگی چینگیلسك، هێزەكانی ڕووسیا درێژەیان بە هێرشی خۆیان دا و لە ١٩ی تەمموز دەستیانگرت بەسەر بایەزید و هەرچی پاشماوەی هێزەكانی دوژمن بوو كە دوو هەزار سەرباز دەبوون هەڵاتنە وان.

ژمارەی دانیشتوانی بایەزید كە لە لایەن ڕووسەكان دەستی بەسەردا گیرابوو بە ٥٠٠ خێزان مەزەندە دەكرا كە نیوەیان ئەرمەن و هەرچی نیوەكەی دیكە بوو زۆربەیان كورد بوون. لیخۆتین دەنووسێ: ((بە ئامانجی بەڕێوەبردنی ئیدارەی بایەزید و ناوچەكانی سەر بە بایەزید ئەنجومەنێكمان لە چوار ئەندامی ڕێزلێگرتووی دانیشتوانی شار پێكهێنا. دووان لە موسلمانەكان و دووەكەی دیكەش لە ئەرمەنییەكان، بەسەرۆكایەتی ئەحمەد ئاغای كورد كە تەكلیفی لێكرابوو تا ئازووقە بۆ فەیلەقی بایەزید دابین بكات))[٦٦].

لیخۆتین دواتر ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە ساڵی ١٨٥٤، وەختایەك كوردەكانی بایەزید تێبینی ئەوەیان كرد كە ئێمە بە نەرمی مامەڵەیان لەگەڵ دا دەكەین و ڕێگەیان پێدەدەین كە بەروبوومەكانیان بە نرخێكی گران پێ بفرۆشن، جورئەتیان كرد هامشۆی ئۆردووەكانمان بكەن تا مەڕ وماڵاتەكانیان كە لەو دیو ناوچەی ئالاداغەوە دەیاهێنا پێمان بفرۆشن. بەمشێوەیە دانیشتوانی ناوچەكە بەردەوام شتومەكەكانیان بۆمان دەهێنا بە شێوەیەك كە لە ماوەی مانەوەمان لە بایەزید پێویستمان بە هیچ ئازووقەیەك نەبوو[٦٧].

---

[٦٦] بڕوانە: لیخۆتین. م.، *هەمان سەرچاوە*، لا: ١٢٧.

[٦٧] *هەمان سەرچاوە*، لا: ١٩٦.

جەنگی ٢٤ی تەمموزی ١٨٥٤ی نزیك ئاوایی كیوروك دارا (لە نیوە ڕێگەی نێوان ئەلیكساندرۆپۆل و قارس) ڕۆلێكی گەورەی گێرا لە بەرەو پێشەوەچوونی ڕەوتی ئۆپیراسیۆنە سەربازییەكان لەو دیو قەفقاز. بە جۆرێك فەیلەقی ئەلیكساندرۆپۆل بەسەركردایەتی ژێنێراڵ بیبیتۆڤ، كە لە ٢٠ هەزار پێكهاتبوو، سوپای ئاناددۆڵی توركی كە لە ٦٠ هەزار سەرباز پێكهاتبوو لەم جەنگەدا تاروماركرد.

پ. ی. ئەڤریانۆڤ وای دەبینێ كە لە جەنگی كیورك-دارا، تەنها ٥٠٠ سوارەی كورد بەتەك توركەكان بوو، بەڵام دوای شكستی سوپا لە ئانادۆل دەستبەرداریان بوون[٦٨]. شایانی باسە كە سەركردەی فەیلەقی پەیوەست لە شەڕگەی قەفقاز لەگەڵ توركیا، لە ڕاپۆرتی ڕۆژی ١٣ی تشرینی دووەمی ١٨٥٤ ی خۆیدا باسی شوێنكاری پۆزەتیڤی جەنگی كیورك-دارا دەكات بۆ سەر پێوەندییەكانی ڕووس و كورد.

دوای ئەم جەنگە زۆر لە كوردەكانی قارس ئارەزووی ئەوەیان نیشاندا بچنە ناو خاكی ئەرمێنیای ڕۆژهەڵات كە ڕووسەكان ئازادیان كردبوو و بچنە ناو میلیشیا ڕووسییەكانەوە[٦٩].

لە ئەنجامی جەنگی كیوروك-دارا (٢٤ی تەمموزی ١٨٥٤) و شكستی فەیلەقی توركی كە لە بیست هەزار سەرباز پێكهاتبوو لە بەرزاییەكانی چینگیلسك (١٧ی تەمووزی ١٨٥٤) سوپای ئانادۆل

---

[٦٨] بڕوانە: ئەڤریانۆڤ، پ.ی.، *هەمان سەرچاوە*، لا: ١٠٧.

[٦٩] بڕوانە: *ئەرشیڤی ناوەندی سەربازیی-مێژوویی دەوڵەت لە كۆماری ڕووسیای سۆسیالیستی فیدراڵ*، ف ٣٨، بەڵگەنامەی ل٢٨٤، ل٢.

بەشێوەیکی زۆر توند کەمبۆوە: لە ١٢٠ هەزارەوە بۆ (٤٠ تا ٥٠) هەزار کەس[٧٠].

سەرکردایەتی سەربازیی تورکیا بۆ قەرەبۆکردنەوەی زیانە زۆر و زەوەندەکانی پەنای بردە بەر سەربازگیری هێزە غەیرە نیزامییەکان. تورکەکان لە دوای هەر تێکشکانێکی سەربازی بۆ هێنانە ڕیزی کەسانی نوێ بۆ ناو سوپای نیزامی و بە تایبەتیش لە ناو کوردەکان لە ئاستەنگی دا دەکەوتن.

دەنگ و باسی تێکشکانی سوپای ئەنادۆل لە جەنگ لەگەڵ ڕووسیا تەنانەت گەیشتبووە ناوچە کوردوەوارییە دوورەدەستەکانی تورکیاش. یەزدان شێر، یەکێك لە کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دووری هێزەکانی تورکی بەهەل زانی و لە کانوونی یەکەمی ١٨٥٤ لە جەزیرە بە نیازی ئازادی کوردستان ڕاپەڕی. دوای ئەوەی کوردەکانی هەکاری، موتکی، و بۆتان پێوەندیان بە ڕاپەڕینەکە کرد، ڕووبەری ڕاپەڕینەکە بەرفراوان بوو و زۆر ناوچەی بەرفراوانی دیکەی گرتەوە.

لە کانوونی دووەمی ١٨٥٥، ڕاپەڕیوەکان دەستیان بەسەر تفلیس و موسل دا گرت و لەوێشەوە کوردە ئێزیدییەکان پێوەندیان پێوەکردن و ژمارەی ڕاپەڕیوەکان گەیشتە ٢٠ کەس. دوای تێکشکانی فیرقەی بەغدا بە سەرۆکایەتی کەنگام پاشا، ڕاپەڕیوەکان دەستیان بەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوان دا گرت کە لە بەغدا تا وان درێژدەبۆوە و بەتەك دانیشتوانە ڕاپەڕیوە خۆجێییەکان، ئاشووری، یۆنانی و عەرەبەکانیش بەشداری ڕاپەڕینەکەیان کرد و بەمشێوەیە لە

---

[٧٠] بڕوانە: بێستیژیڤ ی. ڤ.، *هەمان سەرچاوە*، لا: ٧٧.

**شوباتی ساڵی ١٨٥٥ سوپا ڕاپەڕیووەکەی یەزدان شێر گەیشتە ٦٠ هەزار کەس[٧١] و ڕاپەڕینەکە شێوازێکی جەماوەریانەی بەخۆیەوە گرت.**

**دوای ئەوەی یەزدان شێر بەوەی زانی کە هێزەکانی ڕووسیا لە بایەزیدن، پێنج جاران داوای لە سەرکردەی فیرقەی یەریڤان کرد کە یارمەتی بدا بەو مەبەستەی هێرشێکی دەستەوجێ بکاتە سەر وان یان بتلیس و پێوەندی بە هێزەکەیەوە (واتە هێزی ڕووسی، وەرگێر) بکات و پاشان بەرەو ئەرزەرۆم بجولێ. بەلام نامەکانی یەزدان شێر نەگەیشتنە شوێنی مەبەست، چونکو لەو دەمانە فیرقەی یەریڤان لە سەربازگەی زستانەی خۆی بوو لە نزیك یەریڤان*.**

**بەمشێوەیە سەرکردایەتی سەربازی هێزەکانی ڕووسی سوودی لە ڕاپەڕینەکەی کورد وەرنەگرت، بەلام هەروەك ژێنێرال لیخۆتین ئیشارەی پێداوە ئەم ڕاپەڕینە تا ڕادەیەك یارمەتی سوپای ڕووسی داوە، چونکو بەشێکی سوپای تورکی لە شەڕگەکانی ئەرزەرۆم و بایەزید و لەوانەش شەڕگەی قارس -یشی سەر قاڵ کردبوو[٧٢].**

**دوای ئەوەی لە ئەنجامی دەستێوەردانی کونسلی بریتانی لە موسل بە غەدر، یەزدان شێر لە نیسانی ١٨٥٥ دەستگیر کرا و**

---

[٧١] ***ئەرشیڤی ناوەندی دەوڵەتیی بۆ مێژوو لە کۆماری جۆرجیای سۆسیالیستی،*** **ف. ١٠٨٧، بەڵگەنامەی ژمارە (٤٤٣)، ل١٧.**

* **ئەمە بەڵگەهێنانەوەیەکی زۆر لاوازە و هیچ بنەمایەکی زانستیانەی نییە، ئەگەرنا تۆ بڵێ ی سوپایەکی ئاوا زل و زلامی وەك ڕووسیا کە هەزاران جاسووس و شۆفاری هەبووبێ، چۆن نەیتوانیووە نامەی نێوان سەربازگەی زستانە و هاوینەی خۆی دابین بکات، وەرگێر.**

[٧٢] **بڕوانە: لیخۆتین. م.، *هەمان سەرچاوە*، لا: ٢٥٤.**

ڕەوانــەی کۆنــستانتینۆپل کــرا. وێــرای ئــەوەی کــە ئــەم ڕاپەڕنــە دامرکێنرایەوە، بەڵام کارگەرییەکەی تا ماوەیەکی درێــژ هەر مایەوە. لــە ســەرەتای ســاڵی ١٨٥٥، ســەرکردەی فیرقــەی بایەزیــد، ژێنێــراڵ سیسلۆڤ، فیرقەیەکی ١٠٠٠ جەنگاوەری بە سەرکردایەتی سەرۆکی ســوارەی فیرقــەی یــەریڤان، کۆلۆنێــل خرێشاتیــسك، نــاردە لای کوردەکــانی وان (سـپیلکیەکان و حەیـدەرانلووەکان و لـە یـەکێك لـە بەڵگەنامـەکانی ئەرشـیڤی سـەربازی مێـژوویی ڕوسـیای فیـدرال دا هـاتووە کـە: ((... *جوولـە و بزاوتـەکانی ئـەم فیرقەیـە نیگـەرانی و پشێوییەکی زۆری لە ئەرزەرۆم ناوەتەوە بەوەی دانیشتوانەکەی لەو باوەڕەدابوون کە ڕووسەکان ئەم فیرقەیان بەو مەبەستە ناردووە تا پێوەنـدی لەگـەڵ براکـەی یـەزدان شـێر، عومـەر ئاغـا، یـەکێك لـە سەرۆکهۆزە کوردەکان بگرێ کە ڕقی زۆری لە تورکەکان هەڵگرتووە و وەك دەڵێن توانیوویە چەند دە هەزار سوارێك ئامادە و چەکدار بکات. دەسەڵاتکارانی ئەرزەرۆم پێشبینی ڕوودانی ڕاپەرینی عومەر ئاغایان کردبوو کە بووە هۆی ڕاکردن و هەڵاتنی ١٥٠٠ سەرباز لەناو سوپای تورکی کە زۆربەیان کورد بوون*))[٧٣].

لەســۆنگەی ئــەم گرینگیــە گەورەیــەی درابــووە ئــەم ڕاپەڕینــە، حکومەتی تورکی ویسامی تایبەتی بە هەموو ئەوانە بەخشی کە لە داپلۆسینی ڕاپەڕینەکەی یەزدان شێر بەشداربوو بوون.

لە ساڵی ١٨٥٥ ئۆپیراسیۆنە عەسکەرییەکانی شەڕگەی قەفقاز و شەڕگەکانی دیکە لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزدابوون.

---

[٧٣] بڕوانە *ئەرشیڤی ناوەندی سەربازیی-مێژوویی دەوڵەت لە کۆماری ڕووسیای سۆسیالیستی فیدراڵ*، ف ٤٨١، بەڵگەنامەی د ٥٨، ل٢٥.

له زستانی ١٨٥٤–١٨٥٥ به کۆمەکی بریتانیا سوپای ئەنادۆلی تورکی بەهێز کرا. هەرچی قەڵای قارس بوو کرا بە ئۆردوویەکی گەورەی مکوم کە لەلایەن ئەندازیارە بریتانییەکان بە پەیرەو کردنی ڕێسای هونەری جەنگی–ئەندازەیی ئەو سەردەمە بیناکرا. بەشێوەیەك کە ئەو قەڵایە پێویستی بە زێتر لە نیوەی سوپای ئەنادۆل بوو بۆ پاراستنی[٧٤]. لە هەمان کاتدا لای ڕووسەکان بە ئامانجی بەهێزکردنی فەیلەقی ڕووسی جێگیر لە قەوقاز ئامادەیی وەرگیرا و هاریکاری سوپای میللی نەتەوەکانی قەفقاز لەگەڵ سوپای ڕووس تۆکمەتر کرا و زیاتر لە ١٩ هەزار ئەرمەن، جۆرجی، ئازەربایجانی، کورد، داغستانی، ئۆستی، کاربادینی، چاچان و ئەنگوش دڵسۆزانە بەتەك سوپای ڕوسییەوە دەجەنگان[٧٥].

لەکاتی سەردانی سەرکردەی گشتی شەڕگەکانی قەفقاز، فەریق گ. ن. ن. موراڤیف بۆ ناو سوپای جەنگاوەرەکان، لە ڕیزی ئەوانەی لە دەوروبەری ئەلیکساندەرپۆل پێشوازیان لێکرد، ٧٠ کەس لە سەرۆکە کوردە خاوەن ولاتنامە (جنسیە) ڕووسییەکان لە پێشوازیاندا بوون.

لە کاتی ڕووداوە جەنگییەکانی ئایاری ١٨٥٥، هێزی سەرەکی کارای فەیلەقی سوپای ڕووسی لە ئەلیکساندەرپۆل جێگیر بووبوو لە کاتێکدا باڵی ڕاستی لە ئاخالتسیخ و ئاخالکالاك و باڵی چەپیشی لە

---

[٧٤] *ئەرشیڤی ناوەندی دەوڵەتیی بۆ مێژوو لە کۆماری جۆرجیای سۆسیالیستی*، ف. ١٠٨٧، بەڵگەنامەی ژمارە د ٤٤٣، ل ٧.

[٧٥] بڕوانە: ئیبراهیمبیللی خ.، *قەفقاز لە جەنگی قرمدا ١٨٥٣–١٨٥٦*، مۆسکۆ، ١٩٧١، لا: ٢٨٣.

هـەرێمی یـەریڤان لەسـەر لێواری چیایەکانی ئارارات شوێنی خۆیـان گرتبوو.

ویـــرای تەشـــکیلاتە نەتەوەییـــەکانی پێـــشووتری کوردەکـــان کـــە خۆبەخشکارانە پێوەندیان بە خزمەتی سـەربازی ڕووسـی کردبوو، لـە ئایـاری ١٨٥٥ دوو فـەوجی سـوارەی دیکەشـیان پێکهێنـا کـە بـە تـەك سوپای ڕووسییەوە دەجەنگان. فەوجی یەکەم لە خەڵکی نیشتەجێی هەرێمی یەریڤان، هەرچی فەوجی دووەم بوو لە هەڵاتووەکانی تورکیـا بـــوون و هـــەردوو فەوجەکـــەش ســـەر بـــە فیرقـــەی ســـەرەکی هێـــزە جێگیرەکانی ڕووسیا بوون لە ئەلیکساندەرپۆل[٧٦].

لـــە ٣٠ ئایـــار (١١ ی حـــوزەیران) ی ١٨٥٥هێزەکـــانی ڕووســـیا دەستیان بەسـەر ئـەرداغان دا گـرت و لـە ناوەڕاسـتی تـەمووزی ١٨٥٥ یش بەرەو قارس پێشڕەویان کرد و لـە پشت خۆیانـەوە فـەوجێك کـە پێکهـاتبوو لـە ٢٠ هـەزار سـەرباز بـۆ گـەمارۆدانی قەڵاکـە جێهێـشت. هەرچی هێزی سەرەکی فەیلـەقی قـەوقاز بـوو لـە نـاو قووڵایی خاکی دوژمندا چەندین گورزیان لێ وەشاندن و توانیان پاشماوەی فەیلەقی تورکی لە بایەزیدەوە بۆ ئـەرزەرۆم ڕاو بنـێن و یەدەگـە ئازووقـەکانیان تێـك و پێـك بـدەن[٧٧]. لـە ٣٠ی حـوزەیران (١٢ی تـەممووز)، فەیلـەقی ڕووسـی و فیرقـەی غـەیرە نیزامـی نەتـەوە قەفقازییـە کـان ڕووبـاری قارس چای یـان بـڕی و لـە ئـاوایی تـیکم (لـە ١٠ کیلۆمـەتری قـارس) جێگیر بوون[٧٨] و بە ئامانجی گەمارۆدانی قـەڵای قـارس، فیرقـەی جولـە

---

[٧٦] بڕوانە: بانۆڤیچ. ی.، بەرگی چوارەم، پەترۆگراد، ١٨٧٦، لا: ٢٣٨–٢٣٩.

[٧٧] بڕوانە: ئیبراهیمبیللی خ.، *هەمان سەرچاوە*، لا: ٢٨٣.

[٧٨] *هەمان سەرچاوە*، لا: ٢٩٧.

خێرا لە ژێر سەرکردایەتی کۆلۆنێل لۆریس-مێلیکۆڤ و ئا. م. دۆندیکۆڤ-کورساکۆڤ پێکهێنران و بەشی هەواڵگیری زۆر کوردی سەر بە هێزە میللیەکانی بەخۆوە گرتبوو.

لەسەر ڕاسپاردەی سەرکردەی گشتی ڕووس، لۆریس-مێلیکۆڤ لە ٩ی تەمموزی ١٨٥٥ لە ئۆردووی تیکمەوە دەرچوو بۆ ڕاگرتنی ئاسایش لەو ناوچانەی کە لە ڕێگەی ئەرزەرۆم تا سنووری هەرێمی یەریڤان درێژدەبوونەوە.

دوای دەست بەسەرداگرتنی شاری کاگیزمان، لۆریس-مێلیکۆڤ، بە فەرمانی سەرکردەی گشتی، ئەحمەد ئاغای کردە فەرماندەی فەوجی دووەمی کوردی، وەك فەرماندەی هەردوو قەزای کاگیزمان و گێچڤانسك[٧٩]. ئەم قەزایانە لە کاتی هێرشەکاندا هەموویان لە لایەن سەرکردایەتی ڕووسییەوە بەڕێوە دەبران.

لە ١٢ی تەمموزی ١٨٥٥، فیرقەیەکی سوارە کە پێکهاتبوو لە ٥٠ قۆزاقی دۆن و ١٠٠ کورد، بە سەرۆکایەتی کۆلۆنێل دۆندرۆڤ کورساکۆڤ، لە کاگیزمانەوە بۆ ئۆردووی فیرقەی یەریڤان چوون کە دەکەوێتە ئاوایی مارینیکە (لە نێوان دیادین و تۆپراق قەڵا) و ئەم فیرقەیە ڕۆژی ١٤ ی تەمووز گەیشتە ئاوایی ئەرمۆتل، دوای ئەوەی ڕێگەیەکی سەخت و ترسناکی بڕی. لە هەمان ڕۆژدا فیرقەیەکی کۆلۆنێل لۆریس میلۆکۆڤ بەگەڵیان کەوت. لە ١٥ی تەمووز ئەم هێزانە گەڕانەوە ئاوایی تیکمە لە ناو چیایەکانی چاخماخسك (ناوچەی قارس).

---

[٧٩] گەمارۆی قارس. *چەند نامەیەکی شایەدحاڵەکان لەبارەی کاروانی ساڵی ١٨٥٥ بۆ تورکیای ئاسیایی*، تفلیس، ل: ٤٢-٤٣.

له ماوەی ٢-٦ی ئابی ١٨٥٥، فیرقەی لوریس میلیکۆڤ کە لە ٥٠٠ سوارەی جوولە خێرا پێکهاتبوو، کوردە ئێزیدییەکانی بە مەبەستی سووسەپێکاری (استطلاع) لە بەشی باکوری-ڕۆژئاوای قەڵای قارسدا سەربازگیرکردن[٨٠]. ئەفسەرێکی سوپای ڕووسی نووسیوویە کە :

((*لەکاتی گەمارۆی قارس، کوردەکانی ئەم شارە و دەوروبەری هەموویان بەتەك ئێمەوە (واتە لایەنی ڕووسی-نووسەر) بوون، پاشان ئەم ئەفسەرە ئەوە زێدە دەکات کە قاسم خان، سەرۆکی کوردەکانی قارس پێی وابووە کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ ڕووسەکان ناتوانن قارس بپارێن، بۆیە دڵسۆزی خۆی بۆ تورکەکان ڕاگەیاندووە و لە ئاوایی مووش دا جێگیر بووە*))، بەڵام کوردەکانی سەر بە (قاسم خان) ڕەتیانکردۆتەوە بچنە پاڵ تورکەکان و وایان پێ باشتر بووە لە ئاواییەکانی قارس دا بمێننەوە و هەموو پێوەندییەکیان لەگەڵ تورکەکان پچڕاندووە و بە ویستی خۆیان پێوەندیان بە میلیشیا کوردەکانی (سەر بە ڕووسەکان- نووسەر) کردووە و لە هەمان کاتیشدا یەك تاکە سواریشیان بە تورکەکان نەداوە"[٨١].

ساڵی ١٨٥٥، فیرقەی یەریڤان چەند چالاکیەکی سەربازی گورج و گۆلی دژ بە تورکەکان جێبەجێکرد و دوای ئەوەی لە ١ی تەمموزی ١٨٥٥، فەوجی یەکەمی سوارەی کوردی بەسەرۆکایەتی مێجەر

---

[٨٠] بڕوانە موراگیۆڤ. ن. ن.، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم و دووەم، پەترۆگراد، ١٨٧٧، لا: ٢١١

[٨١] *ئەرشیڤی ناوەندی دەوڵەتیی بۆ مێژوو لە کۆماری جۆرجیای سۆسیالیستی*، ف. ١٠٨٧، بەڵگەنامەی ژمارە د ٤٤٣، ل ٣٣.

جەعفەر ئاغا پێوەندی بەم فیرقەیەوە کرد، ئەم فیرقەیە توانی لە ڕۆژی ١٢ی حوزەیران هێرش بکاتە سەر فەوجی تورکی لە بایەزید. سەرچاوە ئەرشیڤییەکانی مێژوویی لە جۆرجیا دەڵێن کە " *فەوجی یەکەمی کوردی بە درێژایی ساڵ، بە کۆشش و چالاکی و پرەنسیپی عەسکەری ئاست بەرز خزمەتی کردووە، ئەوەش کە گەواهی ئەم چالاکیانەیان بدات ئەوەیە بۆ نموونە باسی بەرگرییان بکەین ڕۆژی ١٣ی تەموز (١٨٥٥-نووسەر) لە بەرانبەر سوارەی تورکی لەسەر فورات، نزیک لە دیر سورب ئۆغانس. هەر بە کۆمەکی فەوجی کوردیش بوو کە توانرا سوارەیەکی تورکی بەسەرکردایەتی بالوول پاشا ( کە لە ڕەگەزدا کوردبوو) تێکبشکێنرێ*"[٨٢] . ئەم سوارەی تورکەکان هەوڵی بەرگریکردن لە کشانەوەی والی پاشا دەدەن، ئا لەوکاتەدا قۆزاقێك و کوردێك دەتوانن بالول پاشا بەدیل بگرن[٨٣].

دوای دەستبەسەرداگرتنی ئۆردووی تورکی لە سوروب ئۆگانس لەلایەن فیرقەی یەریڤان، لە ١٣ی تەممووزی ١٨٥٥، سێ سوارچاکی فەوجی کوردی، یەکەمیان مستۆ محۆ ئۆغلی، ئەحمۆ ڕەسووڵ ئۆغلی و ئۆسوب گالۆ ئۆغلی بە فەرمانی سەرکردەی گشتی لەبەرامبەر ئازایەتی بێوێنەییان ویسامی "نایاب" وەردەگرن[٨٤].

لەبارەی ئەو ئۆپیراسیۆنانەی کە دواتر لە لایەن فەوجی یەکەمی کوردییەوە کراون. دەڵێن کە " ئەم فەوجە بە درێژەی ساڵی ١٨٥٥

---

[٨٢] *ئەرشیڤی ناوەندی دەوڵەتیی بۆ مێژوو لە کۆماری جۆرجیای سۆسیالیستی*، ف. ١٠٨٧، بەڵگەنامەی ژمارە د ٣١٢، ل٥.

[٨٣] لیخۆتین.م.، *هەمان سەرچاوە*، لا: ٢٨٨.

[٨٤] *ئەرشیڤی مێژوویی ناوەندی دەوڵەتی ئەرمێنیا*، ف (٩٤)، د ١٤، ل١٦٠.

بەشێوەیەکی نایاب و بە ڕاستگۆیانە کاری کردووە و بە شێوەیەکی ورد خزمەتێکی گەورەی لە بواری گواستنەوەی هەموو نامەکارییەکانی نێوان یەریڤان و فیرقە سەرەکییەکان جێبەجێ کردووە". فەوجی کوردی دواتر لە چوارچێوەی فیرقەی سوارەی ڕووسی کە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێك لە لایەن سەرکردەی گشتی ڕاسپێردرا بوو تا بەرەو مووش، مەلازگەرد و باتنۆس بجولێ، بەشداریکرد. دوای ئەوەی فەوجی یەکەمی کوردی لێهاتوویی خۆی سەلماند[85]، سەرکردەی گشتی فەرمانی دا فەوجێکی کوردی دیکە سەر بە فیرقەی یەریڤان پێکبهێنرێ. سەرکردایەتی ڕووس لە ڕێگەی جەعفەر ئاغا، پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ باقی کوردەکان پاراست بۆ ئەوەی دنەیان بدات بۆ ئەوەی بە تەك ڕووسیاوە بجەنگن.

پاریزەرانی قەڵای قارس هێندە خۆیان ڕانەگرت و ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەمی ١٨٥٥ خۆیان بەدەستەوەدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە ١٢٠٠ سەربازی غەیرە نیزامی لەگەڵ پارێزەرانی قەڵاکە بوون، لە ناویاندا ژمارەیەکی زۆر کەمی کوردیش هەبوون[86].

سەرکەوتنی هێزەکانی ڕووسیا لە شەڕگەی قەفقاز ڕۆلێکی گەورەی بینی لە مۆرکردنی ئاگربەسی ئاشتی پاریس لە ١٨(٣٠) ئاداری ١٨٥٦. ئەو دەرو ناوچانەی کە لەلایەن هێزەکانی قەفقاز لە بایەزید و قارس داگیرکرابوون لەگەڵ قەزایەکانی پۆسخۆڤسك کە ڕووبەرەکەی چەندین جار بەقەد ئەو ناوچانە بوو کە هاوپەیمانەکان

---

[85] *ئەرشیڤی ناوەندی دەوڵەتیی بۆ مێژوو لە کۆماری جۆرجیای سۆسیالیستی*، ف. ١٠٨٧، بەڵگەنامەی ژمارە د ٣١٢، ل ل٥، ٦.

[86] *هەمان سەرچاوە*، د ٤٤٣، ل٣٣.

لە دەوروبەری سیڤاستۆپۆل و کینبۆرن دەستیان بەسەرداگرتبوو و لەبەرانبەر سیڤاستۆپۆل و چەند شارێکی دیکە درانەوە تورکیا.

یەکێك لە ئەنجامە بنچینەییەکانی ئۆپیراسیۆنە جەنگییەکانی شەڕگەی قەفقاز لە کاتی جەنگی قرم، سەقامگیرکردنی پێوەندی سەربازی گەلانی قەفقاز بوو لەگەڵ ڕووس. ئەمە لەو نەبەردە دلێرانە و ئەو ویسامە جەنگیانە بەدیاردەکەوێ کە دەبەخشرانە پاڵەوانەکان و لەوانیشەوە ڕۆڵەکانی گەلی کورد.

لە ئەنجامی ئەو بەشداریە کاریگەرەی کە سەرکردە سەربازییەکان لە هێرشی ١٨٥٥ نواندیان، سەرکردەی گشتی فەرمانی دەرکرد کە بەو بۆنەیەوە فەرماندەکانی گروپی سێیەم و پێنجەمی فەوجی سوارەی کوردی مێدالیای زێرینی " ئازایەتی" وەربگرن و دوان لە وەکیلەکانیش ویسامی پلە چوار (تایبەت بە موسلمانەکان) و سێ جەنگاوەریش میدالیای زیوینی " ئازایەتی"[٨٧]یان وەرگرت، هەروەك هەر یەك لە ئەحمەد ڕەسووڵ ئۆغلی ویسامی جەنگ و ئۆسوب ئۆغلی مێدالیای زیوینی "ئازایەتی" و مستۆ محۆ ئۆغلی ویسامی جەنگیی یان وەرگرت[٨٨]. هەروەك چۆن فەرماندەی فەوجی یەکەمی کوردی، مێجەر جەعفەر ئاغا، بە فەرمانی سەرکردەی گشتی ویسامی " قەشە ئانا" ی پلە سێی وەرگرت بێجگە لە کۆمەڵێك شمشێر[٨٩]. ئەمەش لە سۆنگەی سەرکەوتنی لە ئۆپیراسۆنە جەنگیەکانی ساڵی ١٨٥٥ دا.

---

[٨٧] *ئەرشیڤی مێژوویی ناوەندی دەوڵەتی ئەرمێنیا*، ف (٩٤)، د ١٤، ل١٣٦.

[٨٨] *هەمان سەرچاوە*: ل٢٩.

[٨٩] *هەمان سەرچاوە*: ل١٩٦.

هەروەها زۆر لە جەنگاوەرەكانی فەوجی دووەمی سوارەی كوردی سەر بە فیرقەی بنەڕەتیی ئەلیكساندەرپۆل ویسامی جەنگیان وەرگرت. هەروەك بە فەرمانی سەركردەی گشتی، فەوجی نیشتەجێ قەفقاز و پەسندكراوی ڕۆژی ١٦ی كانوونی یەكەمی ١٨٥٥، ١٩٨ سەربازی میلیشیایەكانی فەوجی دووەمی كوردی كە ساڵی ١٨٥٥، لە ئابلۆقەدان و هێرش بۆ سەر قەڵای قارس بەشدار بووبوون، پاداشتی داراییان وەرگرت[٩٠].

ماوەی بیست ساڵی دوای جەنگی قرم وایكرد كە مەسەلەی ڕۆژهەڵات[*] سەر لەنوێ گرژی تێبكەوێتەوە. لەم ساڵانەدا بازنەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلی ئەرمەن كە لەژێر دەسەڵاتی توركیی دەیناڵاند، بەرفراوانتر بوو و هەروەك چۆن بازنەی بزووتنەوەكانی گەلانی ناو دەوڵەتانی نیمچە دوورگەی باڵكان

---

[٩٠] *ئەرشیڤی مێژوویی ناوەندی دەوڵەتی ئەرمێنیا*، ف (٩٤)، د ١٤، ل١٢٧.

[*] زاراوەی (پرسی ڕۆژهەڵات) بۆ یەكەمجار لە كۆنگرەی ڤیرۆنا Verona ساڵی ١٨٢٢ وەدیاركەوت و مەبەستیش لەوە تاو تویێ كردنی ئەو كێشە دەوڵەتیانە بوو كە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی چاوەڕوانكراوی ئیمپراتۆریای عوسمانی خۆیان دەهێننە پێشەوە. بەمپێیە سیاسەتی پرسی ڕۆژهەڵات بە واتەیەكی دیكە سیاسەتی ڕاگرتنی پارسەنگی بەرژەوەندییەكانی زلهێزەكان بوو لە ناوچەكە. دوای جەنگی قرم ئەوروپا گۆڕنكاری گەورەی بەخۆیەوە بینی و پارسەنگی هێز لە ئەنجامی وەدیاركەوتنی ئەلمانیای بسمارك تەواو لاسەنگ بوو. لەو لای دیكەشەوە هەستانەوەی نەتەوایەتی گەلانی نەتەوە نا موسلمانەكانی باڵكان، شۆڕشی بۆسنیا، هەرسك و دواتر بولگارستان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەرمەن و تۆی ناسیۆنالیزم لە ناوچەكە گوڕ وتینێكی تازەیان بە مەسەلەی ڕۆژهەڵات بەخشی و بۆ ڕۆژئاوا پرسی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانی وەك یاری "مشك و پشیلە" وابوو، وەرگێر.

(بۆسنیا، مۆنیتێنیگرۆ و بولگارستان) بەرفراوانتر بوو. گەلانی ناو ئەم ولاتانە لە خەباتی گەشەسەندووییان دژ بە ستەمکاری تورکیا لە پێناوی ئازادیدا هیوایەکی گەورەیان لەسەر کۆمەگی گەلی ڕووس هەڵچنیبوو. بۆیە خەباتی هاوبەشی ئەرمەن، کورد و ئاشووری دژ بە ستەمکارە تورکەکان بە پشتبەستن بوو بە ڕووسیا[٩١].

یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ڕووسیا لەم ماوەیەدا لەوەدا گیری خواردبوو بریتیبوو لە لابردنی شوێنکاری مەرجە سەختەکانی ئاگر بەستی ئاشتی پاریس* ١٨٥٦ و گردکردنەوەی هێزی شەڕکار لە دەریای ڕەش.

---

[٩١] بە درێژی بڕوانە: نەرسیسیان. م. گ.، *خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی ئەرمەن دژ بە ستەمکاری تورك لە ١٨٥٠ تا ١٨٧٠*، یەریڤان، ١٩٥٥ (بەزمانی ئەرمەنی).

* سوپای ئێران بە سەرکردایەتی حسام ئەلسەڵتەنە ساڵی ١٨٥٦ شاری هیراتی گەمارۆ دا و نۆڤەمبەری هەمان ساڵ ئێران هیراتی داگیر کرد. کاردانەوەی ئینگلیز خێرا و دەموودەست بوو و بە بیانووی شکاندنی پەیماننامەی ١٨٥٣ لە لایەن ئێرانەوە، ئەنگلستان جاڕی جەنگی دا دژ بە ئێران و یەکتاو کەشتیگەلی ئینگلیز لە کەنداوی فارس پەلاماری ئێرانیان دا و دوورگەی خارك، بوشەهر و خوڕەمشەهریان داگیرکرد. لە ترسی داگیردنی تەواوی ئێران لە لایەن ئینگلیزەوە، ناسرەدین شا، فەرەخ خان کاشی نارده ئەوروپا بۆ مۆرکردنی پەیماننامەی ئاشتی. ئێران سەرەتا بە مەرجە قورسەکانی ئینگلیز ڕازی نەبوو و پەنای بردە بەر فرانسا بەڵکو نێوانگیری بۆ بکات. دواجار فەرەخ خان لە پاریس بە نێوانی ناپۆلیۆنی سێیەم (١٨٥٢–١٨٧٠) لەگەڵ لۆرد کاولی، بالوێزی ئینگلیز لە فرانسا لە ٣٠ی ئاداری ١٨٥٦، لە وەزارەتی دەرەوەی فرانسا لە پاریس پەیماننامەی ئاشتی پاریس مۆرکرا کە ئەنجامەکەی بۆ ئێران لە پەیماننامەی تورکمانچای کەمتر شوومتر نەبوو. ئەگەر ڕووسەکان قەفقازیان لە ئێران دابڕی ئەوا ئینگلیزەکان ئەفغانستانیان لە ئێران کردەوە. بڕوانە: *معاهدات و قراردادهای*

لەم سالأنەدا حکومەتی تورکی چەندین هەنگاوی بە نیازی کەرتکردن و لاوازکردنی بزووتنەوەی گەلانی خەباتکار گرتە بەر و ناوەندە دەسەلأتکارەکانی تورکی هەوڵی ئەوەیان بوو بریێك دەرەبەگی کورد بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و ویژدانیان بکڕن و بیانکەن بە هاوپشت بۆ خۆیان لە ناو کوردەکاندا و لەمەدا ڕەچاوی تاقیکردنەوەی جەنگە کۆنەکان و گەشەی نفوزی جەماوەریی ڕووسیایان کردبوو لە ناو کوردەکاندا[٩٢]. تورکەکان لەم ناوەندانەدا لە هەوڵی ئەوەدابوون دانیشتوانە کوردەکان بۆ مەرامی خۆیان بەکاربهێنن، بەڵام زۆربەی کوردەکان هێشتا ستەمی تورکەکانیان لە یادەوەری هەرمابوو و ئامادەبوون لە کاتی گونجاودا لە دژیان بوەستنەوە.

لە دەستپێکی جەنگەکانی ڕووسی–تورکی ١٨٧٧–١٨٧٨، کوردەکانی ناوچە چیاییەکانی دێرسیم ئالیکارییەکی کارای سوپای ڕووسیایان کرد بە جۆرێك دەستیان گرت بەسەر ئەو ڕێگەیەی کە بۆ قارس، توکات و سیواس و ئەرزەرۆم دەچوو، تا ڕێگە لە بەرەو

---

***تاریخی در دوره قاجاریه***، به کوشش غلامرضا طباطبائي، مجد، تهران، ١٣٧٣، ص: ٢٧٧–٢٧٩. بۆ دەقی تەواوی پەیماننامەکە بە ئینگلیزی بڕوانە: Hurewitz*, J, C, Diplomacy in The Near and Middle East, A Documentary record* ١٥٣٥-١٩٥٦, t, I, ١ère édition, New York ١٩٥٦, pp. ١٥٣–١٥٦.

[٩٢] لەم سالأنەدا ئیسماعیل حەقی پاشا (کە کوردێکی دەوروبەری قارسە) یەکێك لە لایەنگیرە هەرە چالأکەکانی حکومەتی تورکیا بوو لە ناو کوردەکان، هەر بە کۆمەگی ئەویش بوو کە کوردەکانی هەکاری لەکاتی داپلۆسینی ڕاپەڕینەکەی یەزدان شێر سەرکوتکران.

پێشوەچوونی هێزەکانی (تورك وەرگێڕ) بگرن بۆ بەرەکانی جەنگ بۆ ماوەیەك و پاشان لە لایەن سەرکردایەتی ڕووسییەوە لە ڕێگەی ئەرمەنیەکی نیشتمانپەروەر حاجی چێرك ئۆغلی چەك و چۆلیان پێگەیشت تا دژی تورکەکان بوەستنەوە[٩٣].

بە شوێن لێکهەلوەشاندنەوەی سوپای تورکی، حکومەتی عوسمانی داوای لە کوردەکانی دێرسیم کرد کە بەر لە سوپای ڕووس بگرن، بەلام وەك چۆن نووری دێرسیمی ئاماژەی پێداوە کوردەکان ڕەتیانکردەوە بەشداری لەو جەنگەدا بکەن دژی ڕووسیا[٩٤]. بێجگە لەوە لەجیاتی ئەوەی هاودەنگی لەگەل بانگەوازی تورك بنوێنن، خەلکی دێرسیم بەمشێوەیە وەلامی تورکەکانیان دایەوە: ((*ئێمە نە هیچ باجێك و نە هیچ هێزێکیش دەدەین*)). خەلکی دێرسم بە ئازایەتێکی بێوێنە لەگەل ئەرمەنەکان دژ بە هێزە نیزامییەکانی سوپای چوارەمی تورکی جەنگان[٩٥]. تورکەکان لە کاتی جەنگدا ناچار بوون ئۆردووەکانی خۆیان لە خوزات و میلیاسگێرت بکێشننەوە، دوای ئەوەی ئاگر کامپەکانی هەلدەلووشین[٩٦].

کوردەکانی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریای ڕووسیا بەشدارییەکی کارایان هەبوو بە تەك هێزەکانی ڕووسیا لە ئۆپیراسیۆنە

---

[٩٣] *ئەرشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا*، "بالوێزخانەی ئەستەمبوول"، ١٨٨٣، ژمێراوی ٥١٧، د ٧٦٠٨، ل ل٨، ١١، ١٥.

[٩٤] *کوردستان تاریخندە دیرسیم*، حەلەب، ١٩٥٢، لا: ٧٩ (بە تورکی).

[٩٥] بڕوانە پارسامیان ڤ، *مێژووی گەلی ئەرمەن*، یەریڤان، ١٩٧٢، لا: ٢٧٦.

[٩٦] بڕوانە *بلاوکراوەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژهەلاتی نزیك*، تاشقەند، ژمارە ١٣-١٤، ١٩٣٢، لا: ١٠٣.

جەنگییەکانی دژ بە سوپای تورکی بەشداربوون. لە ناوچەی یەریڤان سەرکەوتوانە چەندین میلیشیای کوردی پێکەوە نران[٩٧]، وەك ب. ی. ئەڤریانۆڤ ئیشارەی پێدەدا کوردەکان لە ماوەی جەنگدا بە خۆیان دەچوونە پاڵ میلیشیا ڕووسییەکان. هەروەك چۆن لە کوردە خۆبەخشکارەکان فەوجێکی ئەلیکساندەرپۆل یان پێکهێنا کە لە چوارسەد جەنگاوەر و فەوجێکی دیکەی سوارە لە قارس لە هەمان ژمارە پێکهات[٩٨].

لەگەڵ دەستپێکی یەکەمین پێکدادانی دژ بە تورکەکان، جەنگاوەرانی زۆر لە گەلانی قەفقاز و کورد بە تەك هێزەکانی ڕووسیا وەستان و فەسیلەیەکی خۆبەخشکار توانی بە هاریکاری فیرقە ڕووسییەکان سەرکەوتوانە بەرپەچی هێرشەکانی تورك بۆ سەر بەرزاییەکانی چینگیلسك بداتەوە[٩٩]. پەیامنێری ڕۆژنامەی (پەیڤی جیهان) لە شەڕگەوە لەبارەی هاوسۆزی خەڵکی ئەرمەن و کوردی نووسیووە لەبەرامبەر ڕووس و ڕەتکردنەوەی میلیشیای سوارەی کوردی بۆ جەنگ کردن دژی ڕووس و داوایان کردووە پێوەندی بە سوپای ڕووسیەوە بکەن... نووسەری وتار بەمشێوەیە کۆتایی بە وتارەکەی دەهێنێ: بیرۆکەیەکی پرمانا هەیە، ڕووداوەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە کورد بە سووك سەیری تورك دەکات و بە

---

[٩٧] بڕوانە کیشمیشیڤ. س. ئۆ.، *جەنگ لە ئەرمەنستانی تورکی ١٨٧٧-١٨٧٨*، پەترۆگراد، ١٨٨٤، لا: ٥.

[٩٨] بڕوانە ئەڤریانۆڤ. پ. ی.، *هەمان سەرچاوە*، لا: ٢١٧، ٢١٨.

[٩٩] *کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات*، پەترۆگراد، ١٩٠٩، لا: ٩٠.

پێچەوانەشەوە ڕووسەکان لەوجێگەیە ئەرمەن و کوردەکانی لێن خۆشەویستن[١٠٠].

لەم جەنگەدا (جەنگی ساڵی ١٨٧٧–١٨٧٨ وەرگێڕ) کوردەکانی حەیدەرانلوی نیشتەجێ ی بەشی ڕۆژئاوای قەزای بایەزید هەموو جۆرە خزمەتگوزاریەکی شیاویان پێشکەش بە سوپای ڕووس کرد[١٠١]. پێوەندی دۆستانەی کوردەکانی ئەمارەتی باکۆی هاوسێ ی بایەزید (ئێران) لەگەڵ فیرقەی ڕووسی لە یەریڤان گرینگیەکی گەورەی هەبوو بە نیسبەت ڕووسەکانەوە[١٠٢].

شایانی باسکردنە کە لە مانگەکانی یەکەمی جەنگ، زۆر لەو کوردە جەنگاوەرانەی کە لەگەڵ تورکەکان بوون لە فەرمانی سەرکردەکانیان یاخی دەبوون و هەتا گوێیان بە سەرۆکەکانی خۆشیان نەدەدا. تورکەکان خۆیان ناچار بوون دان بەمەدا بنێن. لە ٨ ی حوزەیرانی ١٨٧٧، سەرکردەی فیرقەی وان، فایەق پاشا، بۆ سەرکردەی گشتی تورک، موختار پاشا، داخی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێ و دەنووسێ : ((*ناکرێ هیچ سوودێک لە کوردەکان وەربگرین*))[١٠٣].

---

[١٠٠] بڕوانە: ڕۆژنامەی *(پەیڤی جیهان)*، پەترۆگراد، ٣٠ی ئابی ١٨٧٧.

[١٠١] بڕوانە: *ئەرشیڤی ناوەندی سەربازیی-مێژوویی دەوڵەت لە کۆماری ڕووسیای سۆسیالیستی فیدراڵ*، ف ٤٥٠، بەڵگەنامەی د ١٢٧، ل٤٥.

[١٠٢] بڕوانە: *ئەرشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا*، *"خوانی فارسی"*، ١٩٠٩, د ٥٤٠، ل٢٨٥.

[١٠٣] بڕوانە: *بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژهەڵاتی نزیک*، تاشقەند، ژمارە ١٣–١٤، ١٩٣٢، لا: ١٠٤.

لە کاتی جەنگ لە پاشالیکی قارس دا نزیکەی هەموو کوردەکان پێشوازیان لە ڕووسەکان کرد. لە نیوەی دووەمی جەنگ بەشێکی گەورەی کوردەکان دژی تورك وەستان و لایەنگیری ڕووس بوون دژ بە تورکەکان[١٠٤].

سەرکردایەتی سەربازیی ڕووس هەوڵی ئەوەی بوو ژمارەیەکی هەرچی زۆرتری کوردەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، بە نموونە فەرماندەی فەوج لوریس میلیۆڤ لە ڕێنوێنییەکانی لە مێژووی ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٨٧٧ بەمشێوەیە بۆ سەرۆکی هەرێمی ئەرزەرۆم، شلیکوفنسکۆڤ ی نوسیووە: " ئێستە دوای دەستبەسەرداگرتنمان بەسەر خنسیکال دەبێ پێوەندی لەگەڵ کوردەکانی تورکیا بگرین، چونکو ئەمە لە هەموو ڕوویێکەوە بایەخی زۆری هەیە"[١٠٥]. لە چوارچێوەی پێکەوەنانی گروپگەلی غەیرە نیزامی لە کوردەکان، سەرکردایەتی عەسکەری ڕووس، ١٣ گروپی سوارەی پێکەوەنا کە هەریەکەیان لە ١٠٠ جەنگاوەر پێکهاتبوون و لە ژێر لیوای ئیمپراتۆریای ڕووس دا بوون و لەوانە پێکهاتبوون کە لە تورکیاوە هاتبوون[١٠٦].

لەم جەنگەدا زۆر لە جەنگاوەرە کوردەکان لەبەرامبەر ئازایەتی نواندنیان لە جەنگەکانی دژ بە تورکەکان ویسامی –خاچی گیۆرگێڤسك– یان وەرگرتووە[١٠٧]. لەوانەی کە ئەم ویسامەیان

---

[١٠٤] *هەمان سەرچاوە.*

[١٠٥] *هەمان سەرچاوە.*

[١٠٦] *هەمان سەرچاوە*، لا: ١٠٥.

[١٠٧] *کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلات*، پەترۆگراد، ١٩٠٩، لا: ٩٠.

وەرگرت، حامد بەگ شاماشادینۆڤ بوو لە ئاوایی ئۆرکۆڤ قەزای سورمالینسک[١٠٨].

لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٧٧، شەڕێکی گەورە لە بەرزاییەکانی ئالادژایسک نزیك بە قارس ڕوویدا. لەم شەڕەدا زۆر لەو کوردانەی کە ویسامی بەرزیان وەرگرتبوو لەناو شەڕەکەدا بوون. لە ناو سوارە کوردە غەیرە نیزامییەکان، قوتابی کۆلیژی سەربازی، تەمر ئاغا و ٨ سوارە ویسامی زیویینی "ئازایەتی"یان وەرگرت. پۆلیس ئیسماعیل ئاغا ئەیوب لە فیرقەی سوارە کوردی بۆ ڕێزگرتن لە لێهاتوویی لە جەنگەکەدا ویسامی پلە چواری وەرگرت. هەرچی قوتابی کۆلێژ، حامد بەگ عەبدی بوو، مێدالیای زیویینی "ئازایەتی"[١٠٩] پێبەخشرا. بۆ پێزانینی ئەو خزمەتە گەورە و نواندنی ئازایەتی لە جەنگی ڕووسی-تورکی ١٨٧٧-١٨٧٨، هەر یەکە لە سەرهەنگی دووم، حەسەن ئاغا و تەیمور ئاغا ئۆغلی ویسامی قەشە ستانیسلاڤ ی پلە سێ لەگەڵ شمشێر و ملوانکەی ویسامی قەشە ئانای پلە سێ لەگەڵ شمشێر و ملوانکە و هەروەها ویسامی یادەوەری جەنگی ١٨٧٧-١٨٧٨[١١٠].

[١٠٨] *ئەرشیڤی مێژوویی ناوەندی دەوڵەتی ئەرمێنیا*، ف (٩٤)، د ٣٧٨٤، ل٥.

[١٠٩] *ئەرشیڤی مێژوویی ناوەندی دەوڵەتی ئەرمێنیا*، ف (٩٤)، د ٤٣٢، ل٢.

[١١٠] *ئەرشیڤی مێژوویی ناوەندی دەوڵەتی ئەرمێنیا*، ف (٩٤)، د ٣١٦٧، ل١٣.

له ئەنجامی کۆتایی پێهێنانی جەنگی سەرکەوتووانە و مۆرکردنی پەیمان نامەی سان ستیڤانۆ[*]ی ئاشتی (٣ی ئاداری ١٨٧٨) گەلانی بالکان ئیمکانیاتی حەقیقیان بۆ مەیسەر بوو بۆ ڕزگار بوون لەدەست دەسەڵاتی تورکی. هەروەك دووبارە سەر لە نوێ سنوورەکان لە ئاسیا بە قازانجی ڕووسیا کێشرانەوە بەڵام لە ئەنجامی فشاری بریتانیا و نەمسا–هەنگاریا و ئەڵمانیا و بە گوێرەی ڕێککەوتنامەی بەرلین[**] ( تەمموزی ١٨٧٨) حکومەتی تسار ناچار بوو لەسەر ئەوە

---

[*] ڕێککەوتننامەی سان ستیفانۆ San Stefano لە ٣ی ئاداری ١٨٧٨ دوای سەرکەوتنی گەورەی ڕووسیا بەسەر ئیمپراتۆریای عوسمانی لە دوای جەنگی ڕووسی–تورکی ١٨٧٧–١٨٧٨ مۆرکرا. بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە نەخشەی سیاسیی بالکان گۆڕانی زۆری بەسەرداهات: دان بەسەربەخۆیی بولگارستان، سێربیا، مینتینگرۆ و ڕۆمانیا نرا و سەرباری ئەوە ڕووسیا دەست بەسەر بەشێکی زۆری زەوی و زاری عوسمانی دا دەگرێ و سولتان گەرەنتی دەست و پێوەندە مەسیحییەکان دەدات. ئەنگلستان و ئۆتریش–هەنگاریا بە توندی دژی ئەم پەیماننامەیە وەستان و ڕووسیایان ناچارکرد چوار مانگ دواتر لە ١٣ ی تەممووزی ١٨٧٨ لە پەیماننامەی بەرلین ئەم ڕێککەوتنامەیە بەتەواوی دەستکاری بکەن، وەرگێر.

[**] کۆنگرەی بەرلین لە ١٣ی حوزەیرانی ١٨٧٨ دەستیپێکرد و لە ١٣ی تەممووزی هەمان ساڵ کۆتایی هات و بەمەبەستی پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی پەیماننامەی سان ستیفانۆ بەسترا. لەم کۆنگرەیە وێرای ڕاستکردنەوە و چاککردنی پەیماننامەی سان ستیفانۆ، لە هەمووی گرینگتر بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی ئەوەبوو کە سەربەخۆیی ئیمپراتۆریای عوسمانی ناسێنرا. یەك لە ئەنجامەکانی کۆنگرەی بەرلین گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی بالکان بوو بۆ دەوڵەتی بچووك بچووك کە هیچ کامێکیان نەدەبوو لە سنوورێکی بۆدانراو زیاتر بچنە دەرەوە و بە هەزاران داوی دیپلۆماتی بە زلهێزە ئەورووپیەکانەوە شەتەك درابوون، وەرگێر.

ڕازی بێت و چاو بە ڕێککەوتنامەی سان ستیفانۆدا بخشێنێتەوە و لەگەڵ ئەوەش کە کۆنگرەی بەرلین نەیتوانی چاولە سەرکەوتنی ڕووسیا بپۆشێ بەسەر تورکیا– چ لە بالکان و چ لە ئاسیای بچووک دا. " *پێکەوەنانی دەولەتە سلاڤییە سەربەخۆیەکان و لکانی هەرێمەکانی باتۆم و قارس بە ڕووسیا و وەبندەستخستن و قەرەبۆکردنەوەی زیانە جەنگییەکان بۆ ڕووسیا، هەموو ئەمانە ئەنجامی سەرکەوتنی ڕووسیا بوون لە جەنگدا*"[١١١].

هەرێمی قارس کوردێکی زۆری لێنەشتەجێ بوو. لە کاتی جەنگ و دوای کۆتایی پێهێنانی جەنگ، زۆر خێزانی کورد لە هەرێمی قارسەوە بەرەو ناوچە سنوورییەکانی ڕووسیا کۆچیانکرد و بە پلەی یەکەمیش بۆ ئەرمەنستانی ڕۆژهەڵات و لە کاتی جەنگ ٤٤٦ خێزانی ئەرمەن و کورد –ئێزیدییەکان لە تورکیاوە بۆ یەریڤان کۆچیان کرد – و لەگەڵ یەکی کانوونی دووەمی ١٨٨١، دەوڵەت لە بۆدجەی باجی حکومەت پادداشتی پێدان و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە باجی ئەنجومەنی ناوەخۆیی ڕووسی پاداشتی پێدان و بێجگە لە مانەش هەر خێزانێك کۆمەگیەکی داراییان پێدەدەرا کە دەگەیشتە ٨٥ ڕۆبل بۆ نیشتەجێ بوون و کڕینی کەل و پەلی ناومال و تۆ و دانەوێلە و ئامرازی کشتوکاڵی و مەر وماڵات[١١٢].

٢٢ خێزانی کوردی–ئێزیدی لەگەڵ فیرقەی لیۆتینان–ژێنێرال تێر–گوکاسۆڤ هاتنە ڕووسیا و لەناو زەوییەکانی حکومی نیشتەجێ

---

[١١١] میزریلدزی. ش. ڤ.، *ئەودیو قەفقاز لە جەنگی ڕووسی–تورکی* ١٨٧٧–١٨٧٨، تفلیس، ١٩٧٢، لا: ٢٤٢.

[١١٢] *ئەرشیڤی مێژوویی ناوەندی دەوڵەتی ئەرمێنیا*، ف (١٢)، د ٨١٣، ل٤.

کـران "زەوییـەکانی ئابـاران" لـە قـەزای ئەلیکـساندەرپۆل-هـەرێمی یـەریڤان[113]. لـە مـاوەی جەنگـدا ٢١ خێزانـی کـوردی ئێزیـدی لـە تورکیاوە کۆچیان کرد و لە ئاوایی کروان سارای قەزای ئەلیکساندەر پۆل نیشتەجێبوون[114].

